# چــەرمــوو

## کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون

ئامادەکردنی

پێشەوا شێخ رەئوف

هاوڕێ لەتیف

# چەرموو

کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون



# چەرموو

## کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون



**ناوی کتێب:** چەرموو، کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون

**بابەت:** شوێنەوارناسی

**ئامادەکردن:** پێشەوا شێخ رەئوف ، هاوڕێ لەتیف

**دیزاینی ناوەوە:** پێشەوا

**دیزاینی بەرگ:** هیوا رەفعەت

**وەرگێڕانی کاپشنی وێنەکان لە ئینگلیزییەوە:** کرێکار حەمەغەریب بێدەری

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**چاپخانە:** حەمدی

**نۆبەت و ساڵی چاپ:** دووەم، ٢٠٢١




**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٥٥٤)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە**

**(مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە و وێنەکان بۆ ئامادەکاران پارێزراوە)**

**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێز**

**(کوێخا ئیسماعیل حەمید، فەرماندەی لیوای ١٠٤) لە چاپدراوە.**

# ناوەڕۆك


| بابەت | ژمارە |
|---|---|
| سوپاس و پێزانین | ٦ |
| پێشەکی | ٧ |
| چەرموو لە چەند دێڕێکدا | ١٠ |
| رۆبەرت جۆن برەیدوود پیاوەکەی پێش مێژوو | ١٤ |
| قۆناغی چەرموو لە کوردستان | ١٧ |
| ئەڵمانیا خاوەنی کۆنترین مرۆڤی نیاندەرتاڵە | ٢١ |
| گوندی چەرمووی نزیك چەمچەماڵ وەك کۆنترین گوندی کشتوکاڵی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | ٢٦ |
| لە ناوچەکەدا نەتەوەی کورد نویٚ نییە و هەر لەسەرەتاکانیشەوە هۆشیاری ئابوری هەبووە | ٤٣ |
| گرنگیدان بە شوێنەوارەکان بەهایەکی ئابوری هەیە | ٤٧ |
| ناسنامەی یەکەمین نەواتی شارستانی لە دنیادا مۆرکی کوردە | ٥٢ |
| چەرموو لەچەند دێڕێکدا | ٥٧ |
| چەرموو خاکی ڕەسەنی کوردستانە و بناغەی داهێنانی شارستانییەت دەسەلمێنێت | ٥٩ |
| لەلایەن تیمێکی پسپۆڕی بیانییەوە بەشێوەیەکی زانستی کار لە شوێنەواری چەرمووودا دەکرێت | ٦٥ |
| چەرموو وەك بناغەی ئابووری | ٦٩ |
| وێنەکان | ٧٣ |

## سوپاس و پێزانین


♦ زۆر سوپاس بۆ بەڕێز (کوێخا ئیسماعیل حەمید، فەرماندەی لیوای ١٠٤، کە ئەرکی چاپکردنی ئەم بەرهەمەی گرتەئەستۆ.

♦ سوپاس بۆ هەوڵ و هیمەتی بەڕێزان (سەردار عەلی بنەیی و هەرێم عەبدوڵا).

# پێشەکی

گومـانی تێدانیـە گونـدی چـەرموو کـۆنترین گونـدی کشـتوکاڵی و نیشـتەجێبوونە لەسەر ئاستی جیهان، ئەویش بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی کۆنی ئەم گوندە یەکەمین مرۆڤێك بوونە کە درکیان بەوەکردووە مرۆڤ پێویستی بەمانەوەو نیشتەجێبوون هەیە، بۆئەو مەبەسـتەش پێویسـتە بـەدەر لـەڕاوکردنی ئـاژەڵ سەرچاوەیەکی تـری خـۆراکی بۆخۆیان دابین بکەن، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو سەرچاوەیە کشـتوکاڵکردن و بەرهەمـەکانی دانەوێڵەیـە. ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا قۆنـاغێکی گرنگـی گواسـتنەوەو پێشــکەوتنی ژیــانی مرۆڤــە لــە قۆنــاغی ڕاووشــکارو کۆچــەرییەوە بــۆ قۆنــاغی کشتوکاڵکردن و نیشتەجێبوون.

لێرەدا دەمانەوێت بەکورتی تیشك بخەینەسەر ئەم کتێبـەو چۆنێتی ئامادەکردنی. هەڵبـەت ئێمـە وەکـو ئامادەکـارانی ئـەم کتێبـە هـیچ یـەکێکمان پسـپۆڕییمان لـەبواری شـوێنەواردا نییـە، بـەڵکو ئـەوەی ئێمـە کردومانـە سـەرەتا بەدواداچـوون و کـارێکی ڕۆژنامەوانی بوو ئەویش بریتـی بـوو لـەئامادەکردنی پاشکۆیەکی تایبـەت بـە گونـدی چــەرموو کــە لــەرۆژی ٢٠/٥/٢٠١٣دا لەگــەڵ رۆژنامــەی "کوردســتانی نــوێ" بەناوی"چــەرموو" بڵاوکرایــەوەو هەرئــەوانیش بەچــاپیان گەیانــد. بــەڵام دواتــرو بەمەبەستی مانـەوەی ئـەم بەرهەمـەو زیـاتر گەیانـدنی بەخوێنـەرو کتێبخانـەی کـوردی، پێمان باشبوو لەدووتوێی ئەم کتێبەدا بەچاپی بگەیەنین. ئەوەش لای هـەمووان ڕوونـە کە کتێب زیاترو باشتر دەمێنێتەوەو سوودی لێوەردەگیرێت وەك لە ڕۆژنامەو گۆڤار.

پێمان خۆشە بەکورتی باس لەم کتێبە بکـەین و بشـڵێین کـە گرنگییەکـەی لەچیدایە. کتێبەکـە بریتییـە لـەدوو بـەش، سـەرەتای کتێبەکـە وتـارو نوسـین و چـاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی هەندێك لەشارەزایان و ئاگادارانی بواری شوێنەوار بەتایبـەتیش مێژووی چـەرموو لـەخۆدەگرێت. هەنـدێکیان هـەروەکو چـۆن بـۆ ڕۆژنامـە چـاوپێکەوتنمان

لەگەڵیانـدا کردبـوو، بەهـەمان شـێوە دەسـتکاری بابەتەکـەمان نـەکردووەو بەهـەمان شێوەی ڕۆژنامەکە هێشتوومانەتەوەو لێرەشدا بەشێوەی چاوپێکەوتن دامانناوەتـەوە، ئەوانەشی کە نوسینو وتارن هەروەکو خۆی هێشتوومانەتەوە.

بەشـی دووەمـی کێبەکـەش بریتییـە لـە وێنـە، ئـەم وێنانـە چـەند دانەیـەکی کـەمیان نەبێت کە کەمتر لە "دە" وێنەیە لەڕێگەی ئنتەرنێتەوە بەدەستمان خستوون، سەرجەم وێنـەکانی تـر کە زیـاتر لـە "١٢٠" وێنـەن لـە کتێبێکـەوە وەرمـانگرتووە کـە لێکۆڵـەری ئەمریکی "ڕۆبەرت جۆن برەیدوود" لەئەمریکا بەزمانی ئنگلیزی بەچاپی گەیانـدووەو زانکـۆی شـیکاگۆ بـڵاوی کردۆتـەوە، نوسـخەیەك لـەو کتێبـەش لەڕێگـەی وەفـدێکی شوێنەوارناسـی زانکـۆی شـیکاگۆی ئەمریکییـەوە گەیشـتووەتە بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەواری سـلێمانی، ئێمـەش بـەهاوکاری بـەڕێز "کـەمال ڕەشـید" بەڕێوەبـەری شـوێنەواری سـلێمانی توانیمـان بـەکامێرا وێنـەی بگرینـەوە. ئـەوەشمان بـیر نەچێت چـەند وێنەیـەکی تـریش کـە باکگراونـدی وێنـەکان ڕەنگـی ڕەشـن بـەهاوکاری بـەڕێز "هاشـم عەبـدوڵا" بەڕێوەبـەری مۆزەخانـەی سـلێمانی وەرمـانگرتووە کـە بـریتیین لەوێنەی بوکەڵەو دەفری لەبەرد داتاشراو کە لەشوێنەواری چەرموودا دۆزراونەتـەوەو وێنەکان لای ئەوان پارێزراون.

گرنگـی ئـەم وێنانـە لەوەدایـە کـە چـەند دانەیـەکی زۆر کـەمیان نـەبێت لـەهیچ سەرچاوەو میدیایـەکی کوردیـدا چاپو بـڵاو نەکراونەتـەوە، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا گرنگی وێنەکان دەردەخات بۆ خوێنەرو شەیدایانی بواری شوێنەوار لەکوردستان.

ئـەوەشمان بیرنەچـێت ئـەو وێنانـەی کـە لەکتێبـە ئنگلیزییەکـەی "ڕۆبـەرت برەیدوود"دایـە ئێمـە هـەموویمان وەرنـەگرتووە، لەبەرئـەوەی وێنـەکان زۆر زۆرن، هەروەها دەیان لاپەڕە تەرخانکراوە بۆ نەخشەو هێڵکاری لەسەر شوێنەواری چەرموو و ئـەو کەلوپەلانـەی کـە لـە شـوێنەوارەکەدا دۆزراونەتـەوە، بۆیـە ئێمـە ئەوەنـدەی لەتواناماندا بـووەو بـەگرنگمان زانیـووە وەرمـانگرتووە. دەکـرێ کەسـانێکی تـر کـە شـارەزای بـواری شـوێنەوارن زیـاتر کـار لەسـەر ئـەو کتێبـەی زانکـۆی شـیکاگۆ بکـەنو وەری بگێڕنـە سـەر زمـانی کـوردی تـاکو خوێنـەری کـورد لـەو بەرهەمـە گرنگـە سوودمەندبێت.

ئەوەی ماوەتەوە ئامارژەی پێبکەین ئەوەیە، سەرەڕای ئەرکو ماندووبوونێکی زۆر لەگەڵ ئەم کتێبەدا، پێمان وایە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام دڵنیاشین ئەم کتێبەی بەردەستتان گرنگیو بایەخی زۆری هەیە بۆ خوێنەرو ئەو کەسانەی خوازیاری ئاشنابوونن بە مێژووی گوندی دێرینی چەرموو. جێی خۆشییەتی سوپاسی بێ پایانمان ئاراستەی ئەو کەسو شوێنانە بکەین کە هاوکارمان بوون لەبەچاپگەیاندنی کتێبەکەو بەدەستخستنی وێنەو زانیارییەکان.

ئامادەکاران

چەمچەماڵ

٢٠١٨/٧/٢٧

# چەرموو لەچەند دێڕێکدا

شوێنەواری گوندی چەرموو یەکێکە لە کۆنترین شوێنەوارەکانی جیهان و بەپێی لێکۆڵینەوەو کنەو پشکنینەکان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی "حەوت هەزار" ساڵ پێش زایین، ئەم گوندە مێژوویییە یەکەمین گوندو شوێنێك بووە کە تیایدا مرۆڤ دەستی کردووە بە کشتوکاڵکردن و قوناغی نیشتەجێبوون و خاوەندارێتی زەوی.

شوێنەواری گوندی چەرموو لەئێستادا کەوتووەتە سنوری گوندی کانی ساردو نزیکەی "یانزە" کیلۆمەتر لەناوەندی قەزای چەمچەماڵەوە دوورەو ڕووبەرەکەی ۱۲,۰۰۰ تا ۱٦,۰۰۰ مەتر دوجا دەبێت و "۸۰۰" مەتر واتە ۲۵۰۰ پێ لەسەر ڕووی ئاستی دەریاوە بەرزە.

بەپێی لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان لەگوندی چەرمووودا "۱۵۰" سەدو پەنجا کەس لەچوارچێوەی ۲۵-۳۵ خێزان ژیاون و کاری سەرەکییان ئاژەڵداری و ڕاوکردن و کشتوکاڵکردن بووەو پرۆفیسۆر ڕۆبەرت جۆن برەیدوود پێی وابووە "٤۰۰" ساڵ ژیان لەم گوندەدا بەردەوام بووە.

دانیشتوانی ئەم گوندە جگە لە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری لەبواری بیناسازیشدا دەستپێشخەرییان کردووەو خانووەکانیان بەشێوەی لاکێشەیی و لەقوڕ دروستکردووە-پێشتر مرۆڤ خانووی لەشێوەی هێلکەیی دروستکردووە-کە درێژی هەریەکێکیان ٥-٦ مەتر بووەو بەقوڕ سواغیان داوە، زەوییەکەیشی بەحەسیری قامیش داپۆشیووەو دواتر بەقوڕ سواغیان داوە، سەرەکەیشیان بەدارو قووڕ گرتووە.

هەروەها دانیشتوانەکەی مردووەکانیان لەناو خانووەکانیان لەناو چاڵێکدا ناشتووەو وەکو هەر مرۆڤێکی تری سەر زەوی بیروبۆچوونی ئاینیی تایبەتی خۆیان هەبووە، بەپێی ئەو پاشماوانەی کە دۆزراونەتەوە مرۆڤی چەرموو پەیکەری دایکیان پەرستووە یاخود بە پیرۆزیان زانیووەو لایان وابووە دایك سەرچاوەیەکە بۆ پیتو فەڕو زۆر بوون، لەو پەیکەرانەی دۆزراونەتەوە دەردەکەوێت ئەندامی زاوزێ و مەمکی پەیکەری دایکیان بە گەورەیی دروستکردووە، ئەمەش بەڵگەی بەپیرۆز زانینی دایکە لای دانیشتوانی چەرموو.


ئەو پاشماوانەی لەگوندی چەرمووودا دۆزراونەتەوە بریتی بووە لە گەنم، جۆ، فستق، نۆك، نیسك، بەڕوو، لەگەڵ ئێسکی مانگای کێوی، ئاسك، پڵنگ، ورچ، بزنەکێوی، مەڕو بزنو بەراز، قەدو گەڵای ڕووەكو دارەکانیشیان لەبری ئالیك بۆ ئاژەڵەکانیان بەکارهێناوە.

هەروەها ملوانکەو مورو و بازنگو مستلەی لەقوڕو بەرد دروستکراو و ئامێری هاڕینی دانەوێڵەو بەردی شوشەیی چاککراو لەچەرمووودا دۆزراونەتەوە.

بۆ یەکەمجار لەماوەی ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥٥ لەلایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی سەر بەزانکۆی شیکاگۆی ئەمریکییەوە پرۆفیسۆر "ڕۆبەرت. جۆن.برەیدوود" کنەو پشکنینی لەم شوێنەوارەدا ئەنجامداوەو هەموو ئەو پاشماوانەی دۆزییوەتەوە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، پرۆفیسۆر برەیدوود لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم شوێنەوارە لە شانزە چینی مێژوویی پێکهاتووە، یانزە چینی ژێرەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین-پێش گڵێنە، بەڵام لە پێنج چینەکەی سەرەوەیدا گڵێنە دۆزراوەتەوە لەقوڵایی "حەوت" مەتر واتە بیست و سێ پێ بووە.

لـەڕووی فەلەکناسیشـەوە دانیشـتوانی گونـدی چـەرموو شـارەزاییان هـەبووە، بەڵگەش بۆئـەوە دۆزینـەوەی پارچە بـەردێکی خۆڵەمێشـی سـەوزباوە کـە درێژییەکەی بەقـەدەر پەنجـەی مرۆڤێکـە کـە دوانـزە خـەتی لەسـەر بـووە، زانایـان دەڵـێن نیشـانەی ئەوەیە خەڵکی چەرموو دیاردەی دوانزە مانگی ساڵیان دەست نیشان کردووە.

ئـەم شـوێنەوارە گرنگـە مێژووییـە لەئێسـتادا جگـە لـە پارچـە زەوییـەکی تـەخت هیچی تر نیـەو وەك دانیشـتوانی سنورەکە ئامـاژەی پێدەکەن جاروبـار کەسانێك دێـن سـەردانی دەکـەن‌و وێنـەی ئـەو زەوییـە بـێ خزمەتـە دەگـرن کـە شـوێنەواری گونـدی چەرمووە، بۆیە جگە لە ناساندن‌و زانیاری خستەبەردەست نـەوەی نـوێ‌و هاوڵاتیـان‌و ئاگـاداربوون لـەو مێـژووە گرنگـەی ئـەم وڵاتـە، ئامـانجێکی تـری ئـەم بەرهەمـە، گرنگـی دان‌و ئاوڕلێدانـەوەی لایەنـە پەیوەندیـدارەکانی حکومەتـە لـە شـوێنەواری دێرینـی یەکەمین گوندی کشتوکاڵی "چەرموو".



Robert John Braidwood رۆبەرت جۆن برەیدوود



# ڕۆبەرت جۆن برەیدوود
# پیاوەکەی پێش مێژوو

**پێشەوا شێخ رەئووف**

"ڕۆبەرت جۆن برەیدوود" ئەو زانا گەورەیەی بواری شوێنەوارە کە بۆ یەکەمینجار بەشێوەیەکی زانستی و بۆ ماوەیەکی زۆر کنەو پشکنینی لەشوێنەواری گوندی چەرموودا کردووە.

لەئەنجامی توێژینەوەکانیدا لەو گوندەی کوردستان "برەیدوود" زانیاری نویٚ و گرنگ و بەبایەخی بەدەستهێناوە ئەویش بەوەی دەرکەوت ئەم گوندە یەکەمین گوندی کشتوکاڵی بووەو یەکەمین شوێنێکیش بووە کەمرۆڤ تیایدا جێگیربووە، واتە جگە لە پێشەنگی لەکشتوکاڵکردندا، دانیشتوانی گوندی دێرینی چەرموو لەبواری نیشتەجێبوون و گواستنەوەی قۆناغی کۆچ و ڕاووشکار بۆ قۆناغی نیشتەجێبوون کەتاکو ئەمڕۆ مرۆڤ گرنگی زۆر دەدات بەو بوارەو یەکێکە لەسەرچاوەکانی داهاتی مرۆڤەکان لەسەر ئاستی جیهاندا.

برەیدوود جگە لەوەی بۆ ماوەیەك مامۆستای فەخری بووە لەپەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەلاتی بەشی ئەنترۆپۆلۆژیای سەر بەزانکۆی شیکاگۆ، هەروەها سەرپەرشتیاری زانایان و شارەزایانی زانستی شوێنەواری "پێش مێژوو" بووە، ئەندازیاریی تەلارسازیی لەزانکۆی میشیگان خوێندووەو لەساڵی ١٩٣٣ دا بڕوانامەی

ماستەری لەو بوارەدا بەدەست هێناوە، سەرۆکایەتی بەشی زانستی شوێنەواری ڕۆژهەڵاتی خوارووی لەزانکۆی میشیگان کردووە. ئەم زانا گەورەیە لەئەنجامی توێژینەوەو کنەو پشکنینەکانیدا کەلەچەندین شوێنی جیاجیای جیهانیدا ئەنجامی داون زانیاری نوێی خستووەتەڕوو کە پێشتر نەزانراوبوونو بەمەش بواری شوێنەوارو زانیارییەکان لەبارەیانەوە هەنگاوێکی گەورە چووەتە پێشەوە.


برەیدوود لەئەنجامی توێژینەوەکانیدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی "شۆڕشی پیشەسازی" لەپێش سەرهەڵدانو پێشکەوتنی شارستانێتییەوە سەری هەڵداوە، ئەم ئەنجامەشی لەمیانی کنەو پشکنینەکانیدا لەشوێنەواری گوندی چەرمووی نزیک چەمچەماڵدا بەدەستکەوتو ڕایگەیاند مێژووی ئەو گوندە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەحەوت هەزار ساڵ پێش زایین، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرنگیو بایەخی ئەو گوندە دەردەخات کە یەکەمین گوند بووە لەجیهاندا دانیشتوانەکەی کشتوکاڵیان کردووەو لەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراوی زەوی نیشتەجێبوون.

ڕۆبەرت جۆن برەیدوود بەهۆی ئەو زانیارییە گرنگانەی کەلەئەنجامی توێژینەوەکانیدا دەستی کەوت لەزانستی شوێنەواری "پێش مێژوو" بە "پیاوەکەی پێش مێژوو" ناوی دەبرا.

ڕۆبەرت جۆن برەیدوود لە ٦/٢٩/ ١٩٠٧ لەدایکبووە، لەماوەی ژیانیدا توانیوێتی سەدان زانیاری گرنگو دەیان توێژینەوەو کنەو پشکنینی مەیدانی لەناوچە جیاجیاکانی جیهان بەتایبەتی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجام بداتو پێشکەشیان بکات، لە١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ لەنەخۆشخانەی زانکۆی شیکاگۆ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات.

.......................................................................................

سەرچاوە: نوسینگەی هەواڵی زانکۆی شیکاگۆ




رۆبەرت جۆن برەیدوود، یەکێك لەپارچە شوێنەوارییە دۆزراوەکانی بەدەستەوە گرتووە



# قۆناغی چەرموو
# لە کوردستان

**د. رافیدە عەبدولاَّ قەرەداغی***

شوێنەواری چەرموو دەکەوێتە سەر یاڵێکی بەرز دەڕوانێتە سەر چەمێکی گەورە، کەیەکێکە لەلقەکانی ڕووباری (طاوق)، ئەم گوندە دەکەوێتە دەستە راستی ڕێگای نێوان (چەمچەماڵ – تەکیە) نزیکەی (١١)کم لەچەمچەماڵەوە دوورە بە بەرزی (٢٥٠٠) پێ لەئاستی ڕووی دەریاوەو نزیکەی (١٢٠٠٠–١٦٠٠٠) مەتر دووجا ڕووبەرەکەیەتی، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقەوە دۆزراوەتەوە، پاشان تیمێکی شوێنەواری ڕۆژهەلاَّتی سەر بەزانکۆی شیکاگۆی ئەمریکی کنەو پشکنینی تێدا ئەنجام داوە بەسەرۆکایەتی "برەیدوود" لەساڵی (١٩٤٨ – ١٩٥٥)، کاری کنەی شوێنەواری تێدا بەردەوام بوو، لەئەنجامدا شانزە چینی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە ( نزیکەی ٢٣ پێ بەرز بوو )، یانزە چینی خوارەوەی گڵێنەی تێدا نەدۆزراوەتەوە، بۆیە بەقۆناغی کۆنی چاخی بەردینی نوێ دادەنرێت (pre-pottery phase)، ئەم قۆناغە هاوچەرخە لەگەڵ شوێنەوارەکانی تری ڕۆژهەلاَّتی

---

* مامۆستای زانکۆی سلێمانیو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لەمێژوودا

ناوەڕاست وەك (ئەریحا) لەفەڵەستین، (چەتڵ هیوك) لەتورکیا، بەڵام لەچینەکانی تری سەرەوەی کەدەکاتە پێنج چین گڵێنەی تێدا دۆزراوەتەوە، برەیدوود پێی وابووە نزیکەی (٤٠٠) ساڵ ژیانی تێدا بەردەوام بووە پاشان چۆڵکراوە.

گوندی چەرموو کۆمەڵێك شتی گرنگی خستەڕوو دەربارەی شۆڕشی چاخی بەردینی نوێ لەکوردستانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە لەم گوندەدا پوختەی ئەزمونەکانی پێشتر دەکەوێتە بەرچاو، دەربارەی هەڵبژاردنی تۆو و دانەوێڵەی باش بۆ چاندن، تاقیکردنەوەکان دەریانخستووە دانەوێڵەکانی چەرموو زۆر دورنیە لە(بنەچە کێویەکەی)، واتە زۆری پێنەچووەماڵی کرابێت وەك گەنمی جۆری emmer (wheat) کەهێشتا لەڕووی پێکهاتەکەی نزیك بوو لەتوخمە کێویەکەی، ئەمە بێجگە لەجۆرێکی تری گەنم پێی دەوترێت (einkorn wheat)، هەروەها جۆرێك لە جۆ کەپێی دەوتریت (row barley- hulled two)و نیسك و نۆك ڕێژەیەکی باش لەم دانەوێڵەیە دۆزرایەوە لەناو گۆزەکان کە ببوون بەخەڵوز، ئەمەو جگە لەبەردەوام بوونی کۆکردنەوەی بەروبومی کێوی کە لەقۆناغەکانی پێشتر مرۆڤ کۆی دەکردەوە لەژینگەکەی دەورو بەری وەك (فستق و بەڕوو)، مرۆڤ لەگوندی چەرموو کۆمەڵێك ئاژەڵی ماڵی کردووە وەك (بزن، مەڕ، بەراز) دیارە مەڕ لەقۆناغێکی پێشتر ماڵی کرابوو لەگوندی زاوی چەمی، بەڵام هێشتا زانایان دڵنیا نین لەوەی ئایا مرۆڤ لەگوندی چەرموو مانگای ماڵی کردبێت یان نا، بەڵام پێ دەچێت لەگەڵ ئاسك و بەرازی کێوی ڕاوکرابێت، سەبارەت بەخواردنی (هێلکە شەیتانۆکە)، کەخۆراکێکی سەرەکی مرۆڤ بووە لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆری لێ دۆزراوەتەوە نەك لەچەرموو بەڵکو لەهەموو شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی نوێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەبووە.

جوتیارەکانی چەرموو قۆناغێکی پێشکەوتوویان بڕیووە لە هونەری بیناسازیدا

کەپێشتر مرۆڤ خانوەکەی لەشێوەی بازنەیی دروست دەکرد، بەڵام خەڵکی چەرموو خانوەکانیان بە لاکێشەیی بینا کردووەو دیوارەکانیان بەقوڕ سواغ داوە، هەروەها زەوییەکانیان بەحەسیری قامیش پۆشیووە پاشان بەقوڕ سواغیان داوە، سەقفی خانووەکانیان بەقامیش‌و دار بەستووەو درێژی هەر ژوورێك لەم گوندەدا نزیکە(٥-٦) مەتر بووە، هەر خانوویەك زیاتر لەژوورێکی تیادا بووە، قاپ و قاچاغەکانی چەرموو ئەوەی دەرخستووە کەوا خەڵکەکەی قۆناغێکی پێش کەوتوویان بڕیووە لەهونەری دەستەبەرەی ڕۆژانە وەك کەوچك‌و دەرزی کە لە ئێسقان دروست کرابوو دۆزینەوەی دەرزی‌و سەرەتەشی (spindle whorls)نیشانەی چنین‌و دوورینە ئەمە بێجگە لەژمارەیەکی زۆر لەتەڵەزمی وردی بەردە ئەستیَ (flint scrapers)یابەردی ئۆبسیدی (obsidian scrpers)کەبەقیر جێگیر ئەکرا لەتوێی قلیشی تەختەو ئێسقان بۆ ئەوەی ببێت بەداس بۆ دوورینەوەی دانەوێڵە، سەبارەت بەئامێرە گەورەکان کەلەبەردی کلسی (limestone) دروستکراوە وەك پاچەکۆڵە (Celt)و بەردی دەستاڕو دەسك‌و دۆڵ‌و هاوەن...هتد، ئەمانەش هەموویان بەکار هاتوون، بێجگە لەکۆمەڵێ ملوانکەو بازنگ‌و موروو کەلەبەردو قوڕ دروست کراون، هەروەها گوڵبەندو ملوانکە کە لەصەدەف و گوێچکە ماسی دروست کراون.

خەڵکی چەرموو مردووەکانیان لەناو ژوورەکانیان لەچاڵدا ناشتووە، هەروەها کۆمەڵێك پەیکەری قوڕین دۆزراونەتەوە کە بریتین لەجۆرەها گیانلەبەر، بێجگە لەپەیکەری ئافرەتی سکپڕو قەڵەو، کەهێمایەکە بۆ حاڵەتی پەرستشی هێزی پیت‌وفەڕ (fertility)لەسروشتدا، وەکو نمونەیەك بۆ خوداوەندی دایك (mother goddess)ئەمە لەپاڵ کۆمەڵێ پەیکەری ئەندامی زاوزێی نێر (phallus) کەزۆربەیان لەقوڕ دروستکراون.

لەڕاستیدا گوندی چەرموو نمونەیەکە بۆ کۆنترین گوندی کشتوکاڵی، کاتێك کەکشتوکاڵو ماڵیکردنی ئاژەڵ بووبووە تەوەری سەرەکی ژیانی مرۆڤ، لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کەوا هێشتا دابەشبوونی کار دەستی پێنەکردبوو، بەڵام ئەزموونی چەرموو کۆمەڵێك دەرئەنجامی لێکەوتەوە، ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەی کە ڕوویدا لەژیانی مرۆڤ وەکو دەرکەوتنی بیرۆکەی خاوەندارێتی "موڵکایەتی" تاکەکەس، وەکو موڵکایەتی کێڵگەو ئامێرە کشتوکاڵییەکان‌و ئاژەڵییەکان، هەروەها دەرکەوتنی دیاردەی شەڕ بەهۆی جموجۆڵی کۆمەڵگە بەرهەمهێنەرەکان‌و ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە کۆکەرەوەکان کەهێشتا فێری کشتوکاڵ نەبووبوون.

کشتوکاڵ کارێکی وایکرد کەمرۆڤ ببەسترێتەوە بە زەویەکەی لەپێناو کارکردن بۆ بەردەوامی بەدەست هێنانی بەرهەم، پاراستنی ئەو سامانەی کە وردە وردە کۆی دەکردەوە، هەروەها بیرۆکەی پێوانەی کات‌و ژماردنی ڕۆژەکان لەپێناو زانینی کاتی چاندن‌و دروێنە، بووە هۆی زانینی ڕۆژمێرو دەست نیشانکردنی وەرزی کشتوکاڵ، دیارە گۆڕینی وەرزەکان پەیوەست بووە بەدەرکەوتن‌و نەمانی هەندێك ئەستێرە لەئاسمان، لێرەدا ئەستێرەناسی دەستی پێکردووە. تیمە شوێنەواریەکە پارچە بەردێکی خۆڵەمێشی سەوزباویان دۆزیوەتەوە کەقەبارەکەی بەقەد پەنجەی دەستێکی مرۆڤە، (١٢) خەتی ڕوشێنراوی لەسەرە، زاناکان دەڵێن ئەمە نیشانەی ئەوەیە خەڵکی چەرموو دیاردەی دوانزە مانگی ساڵیان دەست نیشان کردووە، چونکە لەساڵێکدا مانگ دوانزە جار دەسوڕێتەوەو شوێنی دەگۆڕێت.



# "ئەڵمانیا خاوەنی کۆنترین مرۆڤی نیاندەرتاڵە، ئێمەش خاوەنی کۆنترین گوندی کشتوکاڵیین کە چەرمووە"

د.فەرهاد عەبدولعەزیز *

دکتۆر فەرهاد عەبدولعەزیز، دەربارەی گرنگی شوێنەواری چەرموو ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە تەماشای چەرموو بکرێت، چەرموو شوێنەوارێکی گرنگی مێژووییەو دەتوانین بڵێین وەك ناسنامەیەکی نەتەوەیی لێ هاتووە بۆ کورد. ئەو دەڵێت: "من زۆرجار باسی دەکەم کەچۆن بۆیەکەم جار کۆمەڵێك پەیکەری مرۆڤ لەدۆڵی نیاندەرتاڵ لە ئەڵمانیا دۆزرانەوە، لەکاتێکدا هاوشێوەی ئەو مرۆڤانە لەناوچەکانی تریش هەبوون، ئەوە بووە ناسنامە بۆ ئەڵمانیا و ئەوان بوون بەخاوەنی، لەڕاستیدا ئێمەش خاوەنی یەکەم گوندی کشتوکاڵین کەچەرمووە، بۆیە ئەمە گرنگی خۆی هەیە نەك تەنها چەرموو، بەڵکو هەموو شوێنەوارەکانی تریش، لەڕاستیدا بەشێك لەئابوری وڵاتانی جیهان پشت بەشوێنەوارەکانی دەبەستێت، یان وڵات هەیە بۆخۆی شوێنەوار دروست دەکات، ئێمە بۆخۆمان خاوەنی دنیایەك شوێنەواری مێژووین، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتەی ئێمە لانکەی چەندین شارستانیەتی

.......................................................................................................

*مامۆستای زانکۆو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لەمێژوودا

یەك لەدوای یەكی مێژوو بووە، بەڵام بەداخەوە ئێمە تائێستا نەمان توانیوە سوود لەو شوێنەوارانە وەربگرین هەم لەڕووی مێژووییەوە بۆ ناساندنی ڕەسەنایەتی نەتەوەی خۆمان، هەم لەڕووی ئابوریەوە بیكەینە شوێنێك بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار ڕووی تێبكات، كە بەلای كەمەوە بەشێك لەئابوری ئەم وڵاتەی ئێمە پڕبكاتەوە".

ئەو شارەزایەی بواری مێژوو لەبارەی گرنگی ئەم گوندە بۆ سەردەمی خۆی‌و بۆ دوای خۆی‌و كاریگەری لەسەر كشتوكاڵ‌و نیشتەجێ بوون ڕونیكردەوە كە:" ناوچەی دەوروبەری چەرموو، ناوچەیەكی گرنگی مێژووییە لەوەتەی مرۆڤ دروست بووە ئەوشوێنە بەردەوام ئاوەدانی تیادا بووە هەر لەوێ ئەشكەوتێك هەیە پێی دەوترێت (ئەشكەوتی پاڵەگەورە)، شوێنەوارێكی تر هەیە پێی دەوترێت (كەریم شایەر)، لەگەڵ شوێنەواری چەرموو، ئەمانە لەچوارچێوەی یەك ناوچەی نزیكدان، مرۆڤ لەچاخی بەردیندا، واتە سەرەتای مرۆڤایەتی هەموو ئامێرەكانی لەبەرد دروست كردووە بۆیە پێی دەوترێت چاخی بەردین، لەچاخی بەردینی ناوەند، لەهەمان ئەو ناوچەیە مرۆڤ جۆرێك لەپێش كەوتنی بەخۆیەوە بینیووە هەڵساوە ژیانی كردووە بە دووبەشەوە، بەشێكیان لەئەشكەوتەكان بەسەری بردووە لە زستاندا، وە لەهاویناندا هاتۆتە دەرەوە، واتە نیمچە كۆچەر بووە بەو مانایەی نیمچە نیشتەجێ بووە، شوێنەواری ئەمانە لە "كەریم شایەر" دۆزراوەتەوە، وە لەقۆناغی سێیەمدا كەچاخی بەردینی نوێیە، ئەوكاتە مرۆڤ بەیەكجاری ئەشكەوتەكانی جێهێشتووە و هاتووە لەگوندی چەرموو نیشتەجێ بووە، كەواتە هەر سێ چاخە دوورو درێژەكانی مێژوو لەم ناوچەیە بووە، بۆیە دۆزینەوەی كشتوكاڵ بۆخۆی هۆكاری سەرەكی بووە بۆ نیشتەجێ بوون، ئەگەر جاران مرۆڤ لەئەشكەوتەكاندا بەدوای ئاژەڵێكدا ڕایكردووە تا گرتوویەتی ماوەیەكی زۆر دوور كەوتۆتەوە ئەگەر شوێنێكی تری دۆزیبێتەوە ماوەتەوە، بەڵام كاتێك مرۆڤ دەستی بەكشتوكاڵكردن كردووە نەیتوانیووە ئیتر

کۆچەری بێت، دەبوایە چاوەڕێی بکردایە تا تەواوبوونی قۆناغی کشتوکاڵەکەی، بۆیە گوندی چەرموو بووە سەرەتایەك بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤ، هەر بۆیە ئەوروپا مافی خۆیەتی شانازی بکات بەشۆڕشی پشەسازییەوە، ئەم وڵاتەی ئێمەش خاوەنی شۆڕشی کشتوکاڵییەو مافی خۆیەتی شانازی پێوە بکات".

لەدرێژەی وتەکانیدا لەبارەی شۆڕشی کشتوکاڵیی و ئەم شوێنەوارە گرنگەوە دکتۆر فەرهاد بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"دۆزینەوەی کشتوکاڵ ناو دەبرێت بەشۆڕشی کشتوکاڵیی، ڕەنگە ئەمڕۆ بتوانی بەبێ هەندێك لەبەرهەمەکانی شۆڕشی پیشەسازی بژی، بەڵام هەتا مرۆڤایەتی مابێ ناتوانێت بەبێ کشتوکاڵکردن بژی، گومانی تێدا نیە ئەم وڵاتەی ئێمە خاوەنی گەورەترین شۆڕشە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، کەشۆڕشی کشتوکاڵیە، بۆیە هەتا مرۆڤایەتیش مابێت ناتوانێت بەبێ کشتوکاڵ بژی، هەرچەندە تەکنەلۆژیا پێش بکەوێت دەبێت زیاتر بەشێکی بچێتە خزمەت کشتوکاڵەوە، بۆیە هەقی خۆمانە شانازی بەگەورەترین شۆڕشەوە بکەین کە کشتوکاڵییە، بەڵام بەداخەوە ئێمە تائێستا مێژووی خۆمانمان نەنوسیوەتەوە، نەمان توانیوە ئەم گرنگییانەی مێژووی خۆمان بۆ دنیا دەست نیشان بکەین.

لەبارەی ئەو کەل و پەلانەی لەو شوێنەوارەدا دۆزراونەتەوەو گرنگی و بەهایان لەبواری مێژوویی و شوێنەوارییەوە ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئاشکراشیدەکات کە:" تا ئێستا لە وڵاتی ئێمە کنەو پشکنین وەك پێویست نەکراوە، ئەگینا لەچەرموودا چەندین ئامێرو ئامراز دۆزراونەتەوە مرۆڤایەتی لەسەرەتادا بیری بۆ چووە، لەم ناوچەیەی ئێمەدا یەکەم جار بیر لەپەرستش کراوەتەوە خواوەندی دایك لەوێ دۆزراوەتەوە کەهێما بووە بۆ پیت و فەڕو زۆربوون، واتا خەڵك کشتوکاڵی کردووە هەستی کردووە پێویستی بەوەیە بپارێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بەروبومەی بۆ بپارێزێت، ئەو بەرووبومەی بۆ زیاد بکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەوان هاتوون چی هێمایە بۆ

زیادبوون، بۆ زۆربوون بینیویانە دایکە، بۆیە هاتوون پەیکەری دایکیان دروست کردووە، ئەمە لەلایەکی ترەوە گرنگی ئافرەت بووە لە ولاّتی ئێمەدا هەر لەسەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤایەتیدا لەم ولاّتەی ئێمەدا ئافرەت بەچاوی ڕێزو گەورەییەوە تەماشا کراوە".

سەبارەت بە گرنگیدانی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ شوێنەواری گوندی چەرموو ناوبراو دەڵێت:" ئەو هەموو شوێنەوارە گرنگەی لەناوچەی ئێمەدا هەیە دەتوانین بڵێین درەنگ کەوتووین لەبایەخدان بەو شوێنەوارانە، ئێستا واهەست دەکەم هەر منداڵێك لەدنیادا هەبێت کاتێك کەباسی چەرموو دەکرێت لەخەیاڵی ئەودا ئەوە دروست دەبێت، بڵێت چەرموو چەند بایەخی پێدراوە، چەند گەورە بێت، چەند شوێنەوارێکی جوان بێت ڕەنگە ڕۆژێك لەڕۆژان حەز بکات بیبینێت، من سەیرم لەدەزگای شوێنەوارو وەزارەتی ڕۆشنبیری دێت سەیرم لەدامو دەزگاکانی حکومەت دێت کاتێك کەسێك لەدەرەوە دێت پرسیار لەچەرموو دەکات، دەیەوێت چەرموو ببینێت چۆن لەڕومان بێت بیبەینە ئەوێ ؟! یەکێك زۆر شارەزا نەبێت نازانێت ئەوە چەرمووە لەبەر ئەوەی هیچ بایەخی پێ نەدراوە، لەڕاستیدا شوێنەواری تر هەیە تاڕادەیەك گرنگی پێدراوە بۆ نمونە دەربەندی بازیان (بەردە قارەمان)، بەڵام هێشتا ئەوە بەس نیە، من ئەوەش وادەبینم ئەوەندەی هەوڵی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو بنەماڵەکەیەتی ئەوەندە خەمی حکومەت نیە، هەتا بۆ چەرمووش ئێستا کەسی نەماوە دانیشتوانەکەی نەماون بێن داوا بکەن یان زۆر لەحکومەت بکەن بۆ ئەوەی گرنگی پێبدات، بۆئەوەی میوانان و پسپۆڕانو خوێندکارانی ئێمە سەردانی بکەن، ئێمەش بەشانازیەوە بڵێین لێرەوە ئێمە گەورەترین شۆڕشمان بەرپاکرد کە شۆڕشی کشتوکاڵییەو من پێموایە هیچی کەمتر نیە لەشۆڕشی پیشەسازی بۆ گرنگیەکەی".

د.فـەرهاد عەبدولعـەزیز وتیشـی:" حکومـەتی عێراقـی لەسـالأنی پـەنجاکانی سەدەی بیستەم لیژنەی هێناوەو زەمینەسازی کردووە بۆ ئەوەی تویژینـەوە بکرێت، لەئەمریکا پسپۆڕی هێناوە بۆ ئەوەی پشکنینی تیادا بکات، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم پەلە بکاتو دەزگای شوێنەواریش پێویستە چەرموو زیندوو بکاتەوە، بەلای کەمەوە بێن چەرموو بکەنە مۆزەخانەیەك لەنزیك چەرموو هەر هیچ نەبێت ئەو پاشماوانەی لەچەرموودا دۆزراونەتەوە هەرچەندە گومانم نیە ئێستاش پشکنین بکرێت دنیایەك لەشوێنەواری تر لە کەریم شایەر و پالە گەورە کۆبکاتەوە بۆ خۆی مۆزەخانەیەکە، بیکات بەشوێنێکی نمونەیی بۆ ئەوەی شیاوی چەرموو بێت.



# گوندی چەرمووی نزیك چەمچەماڵ وەك كۆنترین گوندی كشتوكاڵیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا *

ئومێد خەتاب وەهاب**

## دەروازە

لەڕاستیدا كوردستان بەگشتیو ناوچەی چەمچەماڵ بەتایبەتی لانكەی شارستانی ژیانو ئاوەدانی بووە، لەسەردەمەكانی پێش پەیدابوونی مێژووەوە، لەڕووی كارگێرییەوە جگە لەمەركەزی چەمچەماڵ هەردوو ناحیەكانی ئاغجەلەرو سەنگاو سەر بەشارۆچكەی چەمچەماڵن، كە دەكەوێتە نێوان هەردوو شاری كەركوكو سلێمانیەوە، نزیكەی چلو نۆ كیلۆمەتر لەشاری كەركوكەوە دوورە، بەڵام شەستو پێنج كیلۆمەتر لەشاری سلێمانییەوە دوورە، ناوچەیەكی فراوانو بەپیتی هەیە بۆ كشتوكاڵكردن، جگە لەوەی ناوچەیەكی زۆر دەوڵەمەندە لەڕووی سامانی سروشتییەوە بەتایبەتی نەوت [1] تەنها لەسنوری مەركەزی چەمچەماڵدا ژمارەیەكی زۆر شوێنەوار هەیە كە هەندێكیان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق تۆماكراون، وەك (گردی سور)

.................................................................

* ئەم بابەتە توێژینەوەیەكە كە نوسەر لەبارەی شوێنەواری گوندی چەرموو ئامادەی كردووە.

** خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لەمێژوودا.

لەگونـدی گورگـەیی کاکەعەبـدولاّ، (گـردی بانــەبۆر) لـە گونـدی سـەیدانی خـواروو، (پڕجۆگـا) لەگونـدی مارۆڵـە، (گـردی بنگـرد کـۆن) لەگونـدی بنگـرد، (گۆرسـتانی چـراغەڕووتە)، (سـەرباخ) لەگونـدی نـورە، (سـەرگەردان) لەگونـدی سـەیدانی سـەروو، (قبە شێخ حەسەن) لەگونـدی سۆفی حەسـەن، (گـردی کـەریم شـایەر) لەگونـدی تـەژگا، (ئەشکەوتی کەریم شـایەر) هەرلـە گونـدی تـەژگا، (گـردی کلێسـە) لەگونـدی گورگـەیی سەرخاسە، گۆڕستانی گورگەیی چاوسوور، (گردی کۆنی عوسمـان غـەزان) لـە گونـدی عوسمان غەزان، (دارقەلاّ) لەگوندی قوولە [٢].

لەڕاستیدا شارۆچکەی چەمچەماڵ بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ بەهۆی فراوانبوونییەوە بە تایبـەتی لـەلای رۆژئاوایـەوە گەیشـتووەتە بـانی مـەقان، دووری لەشـاری کەرکوکـەوە تەنها سی و پێنج کیلۆمەترە، بەلاّم لەشاری سلێمانییەوە پەنجاو پێنج کیلۆمەترە.

**یەکەم – قۆناغەکانی چاخی بەردین:**

لەراسـتیدا پـێش ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ باسـی نـاوەڕۆکی بابەتەکـەمان بکـەین چاکتروایە ئاماژەیەکی کورت بەقۆناغەکانی چاخی بەردین بکەین ئەوانیش:

١- چـاخی بـەردینی کـۆن (العصـر الحجـري القـديم) کۆکردنـەوەی خـواردن ( pake lithic) کە دابەشدەبێت بۆ سێ بەش وەك:

أ- چاخی بەردینی خوارەوە ١٠٠,٠٠٠ ساڵ پ.ز بەردەبەلەکە.

ب- چاخی بەردینی ناوەڕاست ٥٠,٠٠٠ پ.ز شانیدەر.

ج- چاخی بەردینی سەرەوە ٤٥,٠٠٠ پ.ز شانیدەر-هەزار مێرد.

٢- چاخی بەردینی ناوەڕاست (measolittic-العصر الحجری الوسیط)، ئەم چاخە ١٢,٠٠٠-٣٠٠٠ پ.ز، خایاند وەك زاوی چەمی زەرزی مرۆڤ لەم چاخەدا توانی:

أ- ئاژەڵ ماڵی بکات

ب- کشتوکاڵ بکات [٣]

مـاوەی ئـەم قۆناغـە ڕووداوەکـانی (پلاسـیۆنی) دەگرێتـەوە، بـەهۆی پاشمـاوە وردەکانیشـییەوە بەچـاخی (مـایکرۆلیکیش) ناسـراوە، چـونکە ئـەو ئاسـەوارانەی ئـادەمیزاد لـەو سـەردەمەدا لەبـەردو ئێسـقان دروسـتی کـردوون، پێشـکەوتنێکی ئاشکرای پێوەدیـارە لـەڕووی لێفـەوتان و بایەخپێدانـەوە جگـە لـەزاوی چـەمی زەرزی، کەریم شایەر، کە پانابیەکەی نزیکەی چوار هـەزار مـەتر چوارگۆشـە دەبێت، دەتـوانین دایبنێین بە بنکەیەکی نیوە کۆچەری[٤].

٣- چاخی بەردینی نوێ (Neolithic) (العصر الحجری الحدیث)

ئەم چاخە لەلایـەن توێژەرانـەوە ناسـراوە بـە (عصـر انتـاج القـوت) لەبەرئـەوەی لـەم چـاخەدا بـژێوی ڕۆژانـەیان لەڕێگـەی کشـتوکاڵ و بـەخێوکردنی ئاژەڵـەوە بـووە، کـە گرنگییـەکی گـەورەی هـەبووە لـە ژیـانی ڕۆژانـەی مرۆڤدا [٥]، لـەگرنگترین هۆکارەکـانی پێشکەوتنی مرۆڤ لەم چاخەدا ئـەوە بـووە دانەوێڵـەی چاندووە، زانایـان کـۆکن لەسـەر ئەوەی کە کشتوکاڵکردن بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ نیشتەجێ بێت لەرۆژهـەڵاتی نزیك و لەکوردستانی عێراق و میسردا[٦].

## دووەم- واتای گوندی چەرموو قەڵاکەی و شوێنی جوگرافیەکەی:

واتاکەی لەزمانی کوردیدا بە چەرموو لێکدەدرێتەوە کە بەپیاوێکی بەساڵاچوی ڕیش سـپی دەوترێـت کـە لـەدوا قۆنـاغی تەمەنیدایـە، دیـارە ئـەم لێکدانەوەیـەش دێرینیـی شـوێنەوارەکە دەردەخـات[٧]، جگـە لـەوەی یەکـەم گونـدی کشـتوڵییە لەڕۆژهـەلاتی ناوەڕاستداو یـازدە کیلۆمـەتر لەشارۆچـکەی چەمچـەماڵەوە دوورەو لەسـەر زەوییـەکی (١٢,٠٠٠-١٦,٠٠٠) مـەتر دوجا بووە[٨]، واتـە ڕووبەرەکـەی ٩٠ بـە ١٤٠ مـەترە، دوو هـەزارو پێـنج سـەد پـێ لەئاسـتی ڕووی دەریـاوە بـەرزە [٩]، بـەڵام قـەڵای چـەرموو شـــوێنەوارێکە دەکەوێتـــە خۆرهـــەڵاتی شارۆچـــکەی چەمچـــەماڵ لەســـاڵی ١٩٤٨ نێردراوێکـی سـەربە زانسـتگای خۆرهـەڵاتی سـەر بـەزانکۆی شـیکاگۆ بـۆ کاروبـاری

خۆرهەڵاتناسی بەسەرۆکایەتی (رۆبەرت.ج.برەیدوود) تیایدا دەستی بە کنەو پشکنین کردووەو تا ساڵی ١٩٥٥ بەردەوام بووە، کۆنترین گوندی کشتوکاڵی چاخی بەردینی نوێ ی دۆزییەوە کە سەردەمەکەی بۆ هەزارەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕایەوە [١٠].

**سێیەم- کورتەیەك دەربارەی گوندی چەرموو:**

لەڕاستیدا بەپێی کنەو پشکنینەکان ئەو پەرەسەندنەی بەهۆی گۆڕانی گەورە لەژینگە بەتایبەت کشانەوەی بەستەڵەکی باکور ڕویداوە، مرۆۋ وردە وردە لە ئەشکەوتەکانەوە هاتووەتە دەرەوە بەرەو دۆڵو دەشتاییەکان شۆڕبۆتەوە، هەوڵێکی سەرەتایی بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵو دانەوێڵە دراوە وەك لە زاوی چەمی و پاڵەگەورە، بۆیە ئەم ئاوایيە سەرەتاییانە بۆ چاخێکی ڕوونتر کە ڕێخۆشکەربوون وە بەشۆرشی کشتوکاڵ ناسراوە، کە مرۆۋ لەگوندی جێگیر گیرساوەتەوە، چاندنو ئاژاڵداری ئەنجامداوە، وەك کەریم شایەر، پاڵەگەورە، چەرموو، لە خۆرهەلاتی چەمچەماڵو مەشارە لەباشوری کەرکوك[١١]، جگە لەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان نزیکەی حەوت ملیۆن ساڵ بەرلەئێستا ناسراون لەشێوەی مرۆڤی ئێستا، ئەوان جەستەیەکی بچوكو شێوەیەکی مەیمون ئاسایان هەبووە. بەگشتی لەچاخی بەردین لەسەر گۆی زەوی سێ جۆرە مرۆۋ بوونی هەبووە ئەوانیش مرۆڤی (جاوە، پەکین، نیاندەرتاڵ) بەلاّم سەبارەت بەبونی جۆری ئەو مرۆڤەی کە لەچەرموو ژیاوە لەسەردەمانی کۆن ڕوون نیە[١٢] تاڕادەیەك زانیاری کەمە، بەلاّم دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی کە ناوچەی چەمچەماڵ ناوچەیەکی ئاوەدانبووەو مرۆڤی تیادا ژیاوە، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لەم ناوچەیەدا مرۆۋ خۆی خواردنی بەدەست هێناوە، بۆیە لەسەرەتادا شێوەی ژیانێکی کارگێریو بەڕێوەبردنی نەبووە تاکو بتوانێت لەسەر هێڵێکی ڕێکوپێك پێویستییە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەرێت، سەرهەڵدانی چەرموو وەکو گوندێك لەسەردەمی بەردینی نوێدا پێویستیان بەکاروبارە کارگێڕییەکان هەبووە، هەرچەند بەشێوەیەکی

سادەبوو بێت بەیەکتری کۆیانی کردوەتەوە وایکردووە ژیانی خێزانی لەچوارچێوەی ناوچەکەدا گەشەبکات، پێویستی کردووە بیر لەڕێکوپێککردنی ژیانیان بکەنەوەو بتوانن کاروبارەکانی ڕۆژانەیان بەڕێوەبەرن، هەوڵبدەن لێکگونجاندن بکەن لەبەڕێوەبردن و هاوسەنگکردنی ژیانی کۆچەری و ژیانی کشتوکاڵیدا، چونکە گۆڕانی ژیانی کۆچەری لەشێوەی ژیانی هەڵەشەی تاکتیکیدا پێویستی بەماوەیەك هەبووە بۆ خۆسازدان لەگەڵ ژیانی گوندە کشتوکاڵییەکاندا[١٣].

سەرەتای جێگیربوون لەگوندی چەرموو دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زایین، ژمارەی خانووەکانی ئەم گوندە نزیکەی (٣٠-٤٠)خانوو (ماڵ) بوونە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە( ١٥٠-٢٠٠ )کەس بوونە[١٤]، خانوەکانی ئەم گوندە لەخشتی قوڕ دروستکراون و سەربانەکانیشیان بە قامیش و و زەل و دار گرتووەو بەقووڕ سواخدراون[١٥].

## چوارەم- کشتوکاڵکردن لەچەرموودا

چاخی بەردینی نوێ لە دە هەزار ساڵ بەرلە زایین تاکو چاخی مەفرەق نزیك ٢٥٠٠ ساڵ بەر لەزایین درێژەی بووە، بەو شێوەیە بە قۆناغێکی نوێ لەجۆراوجۆری بوونەوەرانی مرۆڤ دیاردەکرێت، لەسەردەمی چاخە سەهۆڵەکان توانەوەو پلەی گەرمی زەوی بەرزبووەوە، پاش ئەو جۆراوجۆری گیای خۆراکی زۆر زیادی کرد گەرمتربوونی کەشوهەوا لەهەمان کاتدا بەواتای پێداویستی کەمتر بەگۆشت بوو کە چەوری کالۆری زۆری هەیە، بەڵام کاتێك کە سەرما نەما خەڵك توانییان گیاو دەنکی زیاتر بخۆن، لەکۆکردنەوەی خۆراك تا چاندن و دروێنە لەڕاستیدا سەرەتای کشتوکاڵ لەتایبەتمەندییەکانی سەردەمی چاخی بەردینی نوێیە[١٦]، بەگشتی کشتوکاڵ لەپەرەسەندندا بووە، بەڵام بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بەوردی تا لەچەرموودا خەملی، دواتر بەهۆی بارودۆخی سروشتی وەك وشکەساڵی و پەرەسەندنی ئامێرە

کشتوکاڵییەکان بەتایبەت پاش گواستنەوەی کشتوکاڵ لەبەرزاییەکانەوە بۆ لێواری ڕووبارەکان و کۆبوونەوەی دانیشتوان بەشێوەیەکی چڕتر لەپێشوو بووەتە هۆی پەیدابوونی شارەکان و ناوچەی زوورگ و لیتەیی و دەشت[١٧]، کنەو پشکنینەکان لەم گوندە ئەوەیان دەرخست کە جوتیاری چاخی بەردینی نوێ بەرهەمی گرنگی هەبووەو چاندوێتی لەچەرموودا وەك: گەنم، جۆ، نیسك[١٨]، لەپێناوی وزەی چەوریشدا (بستە)یان چاندووە، هەروەها بەڕووشیان چنیووە، لەپێشدا جۆرە گەنمێکی بەژی (بری)یان تۆوکردووە، پاشان جۆرێکی باشیان بەرهەم هێناوە کە بە (ئیمە رۆیت) ناسراوە، گوڵە گەنمەکەیان لەو جۆرە بووە کە تۆوەکەی دوو ڕیز بووە کەزیاتر لەگەنمی بەژی نزیك بووە، هەروەها جۆرە جۆیەکیان بەرهەمهێناوە کە بە (هەلیدتۆ) ناسراوە، وە دوو جۆرە جۆیان بەرهەمهێناوە یاخود تۆو کردووە گوڵەکەی دوو ڕیز بووە ئەویش شەش ڕیز بووە[١٩]، کارو پیشەی دانیشتونی گوندی چەرموو بەرەو ئەوە چووە کە ساڵانە کشتوکاڵی خۆیان دووجار بکەن و بەرهەمی بهێنن، بەشێوەیەکی گشتی لەگوندی چەرموودا دوو جۆرە دانەوێڵە بەرهەم هاتووە:

١- دانەوێڵەی خۆراك: ئەو بەروبومە سەرەکییانەی وەکو گەنم لەجۆری EMMER و جۆ لەجۆری Enkom کە مرۆڤی چەرموو بۆ ژیانی ڕۆژانەی بەکاری هێناوە، لەهەمان کاتدا کا و کۆتەڵەکەی داوە بە ئاژەڵەکان، ئەم بەروبوومانەش ڕۆژانە پێویستیان بە تیشکی خۆر هەیە، لەزەوییەکیشدا دەچێنرێن کە دەوڵەمەندبێت بە کەرەستەی کانزایی جۆراوجۆر کەزەوی چەمچەماڵ پێی بەناوبانگە، هەروەها پێویستی بەئاوی زۆر لە بەفروباران و تەرزەیە، ڕێژەی بارانبارینی شارۆچکەی چەمچەماڵ لەنێوان( ٤٠٠-١٠٠٠ملم) باراندایە، ئەمەش بەسە بۆ پێگەیشتنی ئەو جۆرە دانەوێڵانە.

٢- بەروبومە پاقلەمەنییەکان: زیاتر نیسكو نۆك دەگرێتەوە کەلە چینەکانی سەرەوەی چەرموودا دۆزراونەتەوەو مرۆڤ بۆ خۆراك بەکاری هێناون، هەروەها لاسکەکانیان وەکو ئالیك بەئاژەڵەکانیان داوە[٢٠].

**پێنجەم- ئاژەڵ بەخێوکردن لە گوندی چەرموودا**

بێگومان لەم گوندەدا بۆیەکەمجار ئاژەڵ ماڵیکراوە وەك: مەڕو بزن و بەراز[٢١]، لە ٩٥٪ی ئەو ئێسکانەی لەگوندی چەرموودا دۆزراونەتەوە ئێسکی گیانلەبەری ماڵی بوون وەك (مەڕ، بزن، سەگ، بەراز، مانگا) ئەو ئێسکە ئاژەڵانەن لەگوندی چەموو دۆزراونەتەوە دوای ڕاگرتنی سەگ بزنیان بەخێو کردووەو خواردنی سەرەکی دانیشتوانی گوندی چەرموو بوونە، هەروەها پاشماوەی زۆری بەراز دۆزراوەتەوە کە بەراوردبکرێت لەگەڵ پاشماوەکانی تردا لەوانەیە لەئاستی پاشماوەی مەڕ بێت هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك لەبەردەست نیە کەتیایدا ئاماژە بەماڵیکردنیان بدات تەنها ئەو ددانە بچکۆلانانە نەبێت کەلەچینەکانی سەرەوەی چەرموودا دۆزراونەتەوە، دەتوانین بڵێن کە چەرموو ناوچەیەکی ڕاووشکاربووە بۆ مرۆڤ، چونکە دەوروبەرە گژوگیاییەکەیو دارستانو زنجیرە چیاکانی دەوروبەری وایانکردووە کە شوێنی ڕاوی مانگای کێویو ئاسكو شێرو ورچو بەرازی کێویو گورگو ڕێوی بێت، هەرچەندە ئێستا بەشێك لەم ئاژەڵانە نەماون[٢٢].

برەیدوود دەڵێت لەسەر ڕووەکەکان ژیاون ئێستاش بەهۆی نەمانی درەختو ڕووتەنی ناوچەکەوە لەناوچوون، هەروەها هەتاکو ئێستاش بەرازی کێویو گورگو ڕێوی لەناوچەکەدا ماون، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو بزنەکێویو ئاسكو مەڕ زۆر ڕاویان لەسەرە[٢٣].

**شەشەم - تیۆرییە سەرەتاییەکان دەربارەی سەرهەڵدانی کشتوکاڵو ئاژەڵداری لەخۆرهەڵاتی نزیکدا**

**١-تیۆری oasistheoy گۆڵدن چایڵد:**

تاساڵی ١٩٥١، گۆڵدن چایڵد لەپەڕتووکەکەی خۆیدا بەناوی "مرۆڤ خۆی بنیات دەنێ" دەستی دایە لێکدانەوەی تیۆرییە نوێیەکەی خۆی، ئەو ڕونکردنەوانەی دەربارەی سەرهەڵدانی کشتوکاڵو ئاژەڵداری لەئارادابوو پشتیان بە بەڵگەو تاقیکردنەوە نەبەستبوو، تیۆرییەکەی گۆڵدن چایڵد دەڵێ: لەکۆتایی سەردەمی بەردینی کۆندا ئاوو هەوا گۆڕاو ئەوەش بووە هۆی وشکبوونەوەی دەشتاییەکانی خۆرهەلاتی نزیكو بێ ئاوی، ئەمەش هۆکاربووە بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵە مرۆڤەکانو گیان لەبەرەکان لەدەوروبەری ڕوبارو سەرچاوە کانیو ئاوییەکان، لەئەنجامی تێکەڵیو ناسینی تەواوی گیانلەبەرانو گژوگیا لەبەر پێداویستی زیاتری مرۆڤ بۆ سەرچاوە خۆراکییەکان مرۆڤ هاتە سەر ئەوەی لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی زاوزێ ی هەندێ لەگیانلەبەرانو ماڵیکردنی مەڕو بزنو چاندنو پەروەردەکردنی دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆ تا سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی خۆی پەیدا بکات.

گۆڵدن چایڵد لەم بۆچونەیدا چەند بابەتێکی هێناوەتە ئاراوە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی بەدەستەوەبێ وەك بابەتێکی هاشاهەڵنەگر خستوویەتییەڕوو، دەڵێت لە دە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە لە خۆرهەلاتی نزیکدا باسی کەشوهەوا دەکات جگە لەماڵیکردنی گیان لەبەران و چاندنی گژوگیا لەشوێنە نزمو نشێوەکاندا، ئەم تیۆریەی گۆڵدن چایڵد زۆربەزوویی نەك تەنها جێی ڕەزامەندی زۆربەی زانایانی بواری کۆمەڵناسی بوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کە لەو جۆرە تیۆرانەبوو کە تاقیکردنەوەیان لەسەر بکرێت دەستکرا بە زنجیرەیەك تاقیکردنەوە لەسەری دواتر بوونە سەرچاوەی ڕەوشی نوێی زانستی کۆمەڵناسی[٢٤].

**٢-تیۆری برەیدوود:**

یەکەم زانای بواری کۆمەڵناسییە کە تیۆریەکەی گۆڵدن چایڵدی خستە ژێر

تاقیکردنـەوەوە، (رۆبـەرت برەیـدوود) گـرنگترین رەخنـەی لەسـەر تیـۆری چـایلد بـۆ گـۆڕانی ئاووهـەوا ڕووکردنـە کشـتوکاڵو ئاژەڵـداری بـەهۆی ئـەو گۆڕانـەوە ڕۆڵێکـی سـەرەکی دانـاوە، برەیـدوود ئاشـکرایکرد لەکۆنـەوە تائێسـتا سـێ سـەردەمی سەهۆڵبەندان ڕوویـداوە کـە لـەنێوان هـەرکام لەوانـە ماوەیـەکی گـەرمای دوورودرێـژ هـەبووە، برەیـدوود ڕێبـازی بابەتەکـەی بـاس دەکـات دەڵێـت ئـەو شـۆڕشو گۆڕانـەی لـەبواری خۆراکـدا هاتەکایـەوە لەئـەنجامی پەرەسـەندنو پەلهاویشـتنی کـەلتورو ڕووکردنـە تایبەتمەنـدی ڕۆژ بـەڕۆژ لـەزیادبوی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی دەورووبـەری هەشت هەزار ساڵ پێش زایین، دانیشتوانی بنـارو دەشتاییەکانی (کەوانـەی بـەپیت) شارەزاییەکی تـەواویان پەیداکرد لەژینگـەی خۆیانـدا ئەمـەش بووە هـۆی مـاڵیکردنی هەنـدێ لەگیانلەبـەرانو پـەروەردەکردنی هەنـدێ لـەگیاکان کـەتا ئەوکاتـەش تـەنها ڕاودەکراو کۆدەکرانەوە، بەبۆچوونی برەیدوود ئەو شـوێنانە چەند شـوێنێك بووە کـە تیایدا بزنو مەڕو گەنمو جۆ بەشێوەیەکی خۆرسکی دەستکەوتووە[٢٥].

### ٣-بۆچونی هاوسەنگی:

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ بۆچونەکانی برەیدوودیش نەیتوانی خـۆی ڕابگـرێ بەرامبەر ئەو بەڵگە نوێیانەی بواری کۆنناسی کە زانا (بینفۆرد)ی مامۆستای شیکاگۆ هێنایە ئاراوە، بینفۆرد لەوتارێکدا لەژێر ناونیشانی "خۆگونجانـدنی دوای سـەردەمی پلایستوسـین" لەسـەر بنـەمای زانسـتی چـەند بەڵگەنامـەی کۆنناسـی و مرۆڤناسـی بابـەتێکی نـوێی خستـەڕوو لەگـەڵ بۆچوونو لێکدانـەوەی "فلدانـدی" کـە لـەڕۆژگاری ئـەمڕۆدا بـەنرخترینو برەودارتـرین بۆچـونێکە دەربـارەی هـۆی ڕووکردنـی مـرۆڤ بـۆ ژیـانی کشـتوکاڵیو ئاژەڵـداری، بـەگوێرەی بۆچـونەکەی بینفـۆرد کۆمـەڵگای ڕاوچـی پێش مێژوو، پاش ئەوەی بەتەواوی گونجـان لەگـەڵ ژیـانی ژینگـەی خۆیـان، گەیشتە بـارودۆخێکی تارادەیـەك ئـارام لەلایـەنی دانیشـتوانی ئـەو کۆمەڵگایانـەوە، لەسـەر

بنەمای بۆچوونی بینفۆرد ژمارەی دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایانە لە پلەیەکدا ڕائەگیران کە تێپەڕاندنی ئەو پلەیە دەبووە هۆی تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی ئەو ژینگەیەی کەتیایدا نیشتەجێبوون، بینفۆرد دەڵێت ئەم سیستمی خۆگونجاندنە کاتێك تێکچوو کەهاوسەنگی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایانە توانای دابینکردنی خۆراك لەژینگەکەدا لاسەنگی پەیدابووە کە خۆی لەدوو خاڵدا دەبینییەوە وەك:

ا-گۆڕانی ژینگەو ئاووهەوا دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بڕی ئەو خۆراکەی کەئەو کۆمەڵگایانە سودی لێوەردەگرن.

ب-گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان دەیتوانی ببێتە هۆی ئەوەی ڕادەیان زیاتر بکات لەڕادەی توانای هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی خۆراك لەو ژینگانەدا.

**٤-بۆچوونی کنت فلاندی:**

کنت فلاندی مامۆستا لەزانکۆی مێشیگان‌و ئەندامی دەرکەوتوو و دیاری تیمەکەی "برەیدوود"و "فرانك هوك" لەسەر بنەمای بەڵگەیەکی نوێ بۆچونێکی تریان خستەڕوو کەهەرچەند بەگشتی وەك بۆچونەکانی بینفۆرد وان، بەلاَم چەند تایبەتمەندییەکیان تێدایە کە زیاتر یارمەتی دەدەن بۆ گەیشتن لەو دیاردە چارەنوسسازە، فلاندی لەگەڵ ئەوەدا کەبۆچوونەکانی "بیردسڵ" و "بینفۆرد"ی بەکارهێناوە بۆ ڕونکردنەوەی ڕووکردنە سیستمی کشتوکاڵی کۆمەڵگا فاکتەرێکی تری لەبەرچاوگرتووە وەك گۆڕانکاری لەژیانی مرۆڤدا، جگە لە دڵنیانەبوون لەڕێژەی بەرهەمهێنان‌و گۆڕانی کەشوهەوا(٢٦).

**حەوتەم - هاوسەردەمەکانی چەرموو**

دیارە گەڕانەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ قۆناغی حەسونە، ئەم ناونیشانەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەو ساڵەدا شوێنەواری گردی حەسونە نزیك پارێزگای موسڵ دۆزرایەوە کەسەرەتاکانی گوندی کشتوکاڵی لەعێراقدا دەرخست، شەش چینی خوارەوەی ئەم

گـرده تایبەتمەنـدی ئـەوەیان هەیـە کـەوا خـانوی بـەقوڕ دروسـتکراویان تیادایـە، بەشـێوەیەکی بـاش دروسـتکراون، ژمارەیـەکی بـاش گـۆزەو تـەنوور و ئـاگردان دۆزراونەتـەوە، جگـە لـەوەی هەرسـێ شـوێنەوارەکە گـردەڵانن وەك قـەڵای چـەرموو، حەسونە، شمشارە کەدەکەوێتە دەشتی ڕانیە باشوری رۆژهـەڵاتی سـەیرانگای دوکان کـە شانزە چینی نیشتەجێبوون تیایدا دەرکـەوتووە، بـەڵام سـێ چینەکەی ژێـرەوەی هـیچ پاشماوەیـەکی سـواڵەی تیـا نەدۆزراوەتـەوە[٢٧]، جیـاوازی نمونـەی Typoloiccal نێـوان چـەرموو و حەسـونە ڕەنگـە بـەپێی جیـاوازی ناوچـەیی بێـت لـەڕووی تیۆریـیەوە، ڕەنگـە چـەرموو کۆسـپێکی سـەردەمی خـۆی بوو بێـت لەناوچـە بەرزاییەکانـدا بـۆ فەرهـەنگ و شارسـتانێتی حەلفاییـەکان لەپێدەشـتدا، دیـاریکردن بە"کاربۆن ١٢ تیشکدەر" لەبەردەستدایە بۆ چـەرموو کە لـەنێوان (٢٨٠٠-٣٠٠٠) ساڵ پـێش زایـین بـۆ (٣١٠٠-٤٥٠٠ی پ.ز ) دەگرێتـەوە، بـەپێی گریمانـەی برەیـدوود (٦٧٥٠پ.ز ) پێدەچێت بەگشتی مێژوویەکی ڕاست بێت بۆ چەرموو، بەو پێوەرەی کەوا قۆناغی چەرموو لەپێش قۆناغی حەسونەدایە، ئەمەش پێکهاتووە لەدیاریکردنێك تـەنها لەحەسـونە پێنجـدا بـۆ( ٥٦١٠-٢٥٠٠پ.ز)، بـەپێی بۆچـوونی برەیـدوود هـۆ زنجـیرەی کۆرنۆلـۆژی بـەهۆی کـاربۆنی تیشـکەرەوە دیـاریکراوە لـە چـینە یـەك لەدوایەکەکانی گردی شمشارەدا پیشەسازی دەمە ئامێری سیرامیك لەچەشنی ئەوەی چەرموو لەچینەکانی حەسونەی سامەڕادا بەجێ ماوە[٢٨]، بۆیـە دەتـوانین بڵێن چەند ناوچـەیەك ئـاوەدان بـووە لەسـەردەمی چـاخی بـەردینی نـوێ بـەواتای هاوسـەردەمی چـەرموون وەك (گـردی قادشـی گـەورەو قادشـی بچـوك)، کـە بریتـی بوونـە لەچـەند گردێکـی دەوروبـەری (گتسـورو نـوزێ)، هـەروەها دۆزینـەوەی گـردی مـەتارە لـەنزیك شارۆچکەی تازەخورمـاتوو، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمە ئاوەدانـەکانی (حەسـونە)و

(سـامەرا) و(عوبێـد) لەدەوروبـەری ( ٥٠٠٠-٤٠٠٠ سـاڵ پ.ز) کـە پاشماوەکانیشـی لەگەڵ حەسونە زیاتر لەیەك دەچن[٢٩].

**هەشتەم- کنەو پشکنینەکان لە چەرموودا**

یەکـەم ئامـاژە بـۆ شـوێنەواری چـەرموو لەلایـەن (ناسـر نەقشـبەندی)یەوە بـووە، کەسەرپەرشتیاری گشتی شوێنەوار بووە لەچوارچێوەی گەڕانە مەیدانییەکانیدا بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار لەشارۆچکەی چەمچەماڵ ئاماژەی بەم شوێنەوارە داوە[٣٠].

دوای پشـکنینی شـوێنی چـەرموو لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەوارەوە لەچلەکانی سـەدەی ڕابـردوودا، دەسـتەیەکی شوێنەوارناسـی سـەر بـە پـەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسـی زانکۆی شیکاگۆ دەستیان بە کنەوپشـکنین کـرد لەبەهاری ١٩٤٨ بـۆ سـاڵی ١٩٥٥ بەسـەرۆکایەتی (ڕۆبـەرت .جەی.برەیـدوود)، توانییـان شـانزە چـینی شوێنەواری تیادا بدۆزنەوە، بەڵام تەنها پێنج چینی سەرەوەی تایبەتمەندێتی گڵێنەی تیادابووە، چینەکانی خوارەوەی تایبەتمەندێتی گڵێنەی تیادا نەبووە، بۆیـە زانایـانی شـوێنەوار چـینەکانی یـانزەی خـوارەوەی نـاودەنێن بـە قۆنـاغی پـێش گڵێنەسـازی (عصـور ماقبـل الفخـار)، ئـەم قۆناغـەش دیکـراوە لەهەنـدێك بەڵگـە شـوێنەوارییەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت وەك (اريحـا) لەفەلەسـتین و (جتـل هيـوك) لـە تورکیـا[٣١]، بـەڵام لـەیازدە چـینەکەی تـری چـەرموودا هەنـدێك قـاپ و قاچـاخ دۆزراونەتـەوە کـە لەبـەرد دروستکراون[٣٢].

**نۆیەم- بازرگانی لە گوندی چەرموودا**

دەتـوانین لـەوە بگـەین کـە بـوونی پەیوەنـدی بازرگـانی یـان نـەبوونی بـەهۆی ئـەو کەرەسـتەو ئـامێرە بەردینانـەوە خـۆی نیشـانداوە یـاخود دروسـتبووە کەلەشـوێنەوارەکەدا دۆزراونەتـەوە، خـودی شـوێنەوارەکە خـۆی ئـەو کەرەسـتەو ئامێرانـەی نـەبووە ئەمـەش بەڵگـەی ئـەوەمان بـۆ دەستنیشـان دەکـات کـە چـەرموو

پەیوەنـدی بازرگـانی لەگـەڵ ناوچـە دوورەکـانی دیکـەدا هـەبووە، شـێوەی ئـەو بازرگانییەش هەموو ئەو بەردە ئەستێ چاککراوانەو دەمە چەقۆو دەمەداس‌و ئامێری قەبارە بچوکی دروستکراو لەبەردی شووشەی ڕەشی چاککراو کە لەناوچەی (گۆلاو)ی شاری وان–ی باکوری کوردستان هێنراون(٣٣).

جگە لەوەی کەرەستەی تایبەتیتر وەکو جلوبەرگ‌و کەرەستەی خۆڕازاندنەوە وەك ملوانکەو مورووی لەبەردو قوڕ دروستکراوو بازنگی مەڕمەڕو موستیلەو ئامێری هاڕینی ڕەنگەکان‌و قاپ‌و قاچاخی ناو ماڵ‌و کەوچك‌و دەرزی درومان دروستکراو لەئێسقان‌و سەرەتەشی دروستکراو لەبەردەئەستێ لەم شوێنەوارە دۆزراوەتەوە، کە باری پێشکەوتووی دانیشتوانی چەرموو دەردەخات(٣٤).

زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دەگەیەنن کە جۆ لەگوندی چەرموو، مەتارە، گوێزراوەتەوە بۆ باشوری عێراق، کە ئەمەش سەرەتاییەکی بازرگانی ناوخۆیی سەردەمەکانی پێش مێژوو بووە بەرەو باشوری عێراق، چونکە نرخی هەرزانتربووە لەگەنم جگە لەوەی پێش گەنم دێتە بەرهەم‌و دەدورێتەوە(٣٥).

**دەیەم– باری کۆمەلأیەتی لەگوندی چەرموودا**

بێگومان دەتوانین بڵێین زانیاری زۆر ورد بەرچاو ناکەون دەربارەی ژیانی کۆمەلأیەتی لەم گوندەدا، تەنها ئەو ئەنجامانە نەبێت یاخود دۆزینەوەکان نەبێت کە هێماو ئاماژەن بۆ چۆنێتی ژیانی کۆمەلأیەتی لەم گوندەدا، لەبەرئەوەی ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ‌و ئاژەڵ بەخێوکردن بووە، گوندەکەش لەچەند خێزانێك پێکهاتووە لەوەش دەچێت هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە مرۆیەك بووبێت ئەو کارانەی سەرشانی کەپێی سپێردراوە لەقۆناغەکانی ژیانیدا واتە لەدایکبوونییەوە هەتا مردنی جێبەجێی کردووە، بۆئەنجامدانی هەموو کات پەنای بردووەتە بەر سروشت‌و ملکەچی بووە، دەشێت لەو سەردەمەدا گوندی چەرموو جۆرە دیموکراسییەتێکی تیادا بووبێت

بەجۆرێك یەكێتییە كۆمەڵایەتییەكان كە پێوەی پەیوەست بووە، یەكێتیەكی وابووبێت لەسەر بنەمای خزمایەتی هاتبێتە كایەوە، لەشێوەی خێزانی باوكایەتیدا ڕێكیان خستبێت، بە پێوانەی بەڵگەی ڕەگەزی هەموو كەسێك لەناو كۆمەڵگەدا لەو سەردەمەدا بۆی هەبووە موڵكایەتی تایبەتی خۆی هەبووبێت[٣٦].

دۆزینەوەی یەكەمین پەیكەری خوداوەندی "دایك"یش لەم گوندەدا نیشانەی ئەوەیە كە خەڵكی چەرموو لەكۆندا ڕێزی زۆریان لە ژن گرتووە[٣٧]، جگە لەوەی بەواتا بەپیتو فەڕی زەویو هێنانە بەرهەمی بەروبووم دەكات كە بە خودای دایك ناسراوە، دانیشتوانی چەرموو بایەخێكی تەواویان بەئاژەڵی نێرینە داوە بەتایبەت لەو ژمارە زۆرانەی دەردەكەون كەلە كنەو پشكنینەكاندا دۆزراونەتەوەو بەجوانی دروستكراون[٣٨].

## سەرچاوەكان:


١- بۆ زانیاری زیاتر بروانە السید عبدالرزاق الحسنی، العراق القدیما وحدیثا،مطبعة العرفان،١٩٥٨،ص٢٢٦.

٢- بێگومان ژمارەیەكی زۆر شوێنەوار بوونی هەیە لەسنوری ناوەندی چەمچەماڵ كەئێمە نەماتوانیووە ئامازە بەهەمووی بكەین، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە مدیریة الاثار عامة، مواقع الاثریة العراق،نشرة مطبعة فی مطبعة حكومة، بغداد،١٩٧٠،ص ١٩٩ ومابعدها.

٣-وانەكانی دكتۆرە رافیدە عەبدولا، زانكۆی سلێمانی، بەشی مێژوو، قۆناغی یەكەم، ساڵی ٢٠٠٣، طه باقر و اخرون، تاریخ العراق القدیم، الجزء الاول،مطبعة جامعة صلاحدین،اربیل،١٩٨٧،ص٧٣ ومابعدها.

٤-سمكۆ بەهرۆز (ئەژی)، گۆڕانە ئابوورییەكانی كەركوك لەڕوانگەی سەردەمە مێژووییەكانەوە،چاپی یەكەم،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی،٢٠٠٩،ل.١٤

٥-طة باقر واخرون،تاریخ العراق القدیم،جزء الاول، المصدر السابق،ص ٧٩.

٦-پەخشان عەبدولا محمد، جرمو من مستوطنات الاولی فی كوردستان، گۆڤاری هەزارمێرد،ژمارە ٩ی ساڵی سێیەم ئەیلولی ١٩٩٩،ص.١٧٠

٧-ئومێد خەتاب، چەمچەماڵ كانگایەك لەشوێنەواری زێڕین ،رۆژنامەی چەرموو، ژمارە ٢٧ی ساڵی سێیەم ٢٠٠٩/٩/١٢، ل .٦

٨- یاسین صابر صالح،ئینسكلۆپیدیای گشتی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٥،ل ٤٠٤ .

٩- دكتۆر جمال رشید ئەحمەد و دكتور فوزی رشید، تاریخ الكرد القدیم، مطبعةجامعة صلاحدین،اربیل، ١٩٩٠،ص ٢٨.

١٠- زەردەشت كەمال، شوێنەواری قەلای چەرموو چاخی بەردینی نوێ لەڕووی ئابووریی و كۆمەلایەتییەوە، گۆڤاری هەزارمێرد،ژمارە ٢٧ی ساڵی دووەمی ئازاری ١٩٩٩،ل.٦

١١- كامەران كوێخا جەلال- مێژووی كۆنی كەركوك لەبەردەم رۆشنایی دەقەكانی نوزیدا-چاپی یەكەم-چاپخانەی خانی-هەولێر ٢٠٠٨-ل .٦٦

١٢- پاتر یشیاد نێسلی، كامیل نەجاری، چاخی بەردین،چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر بەبێ ساڵی چاپ ل ل ٣٣-٤٧وە دواتری.

١٣- سمكۆ بەهرۆز محەمەد (ئەژی)،مێژووی سەردەمی کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگای کەرکوك، چاپی یەکەم،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل.٢٠١

١٤- طه باقر واخرون، المصدر السابق، ص ٨٢.

١٥-سەروەر ئەحمەد کەریم، چەمچەماڵ بەر لەمەملەکەتی ئاشوور تا حکومەتی هەرێم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣ ل.٢٨

١٦- پاتر یشیاد.نێسلی، چاخی بەردین ، سەرچاوەی پێشوو، ل .١٠٣

١٧- کەمەران کوێخا جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك،سەرچاوەی پێشوو، ل .١٢٧

١٨- طه باقر واخرون،تاریخ العراق القدیم،جزو الاول، المصدر السابق، ص.٨٢

١٩- سمکۆ بەهرۆز مەحموود (ئەژی)، گۆڕانە ئابورییەکانی کەرکوك لەڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل .١٧

٢٠- زەردەشت کەمال، شوێنەواری قەلاّی چەرموو چاخی بەردینی نوێ لەڕووی ئابوریو کۆمەلاّیەتییەوە،سەرچاوەی پێشوو، ل.٦

٢١- دکتور جمال رشید ئەحمەد و دکتور فەوزی رشید، المصدر السابق .ص ٢٨.

٢٢- سمکۆ بەهرۆز مەحموود (ئەژی)، گۆڕانە ئابورییەکانی کەرکوك لەڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦-١٧.

٢٣- سەروەر ئەحمەد کەریم، چەمچەماڵ بەر لەمەملەکەتی ئاشوور تا حکومەتی هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل .٢٨

٢٤- عەباس عەلی زادە، سەرهەڵدانی کشتوکاڵو ئاژەڵداری لەخۆرهەلاّتی نزیکدا لەڕوانگەی زانستی نوێی کۆنناسییەوە، و:حەسەن عەبدولکەریم،گۆڤاری هەزارمێرد- ژمارە ١٠-ساڵی سێیەم کانونی یەکەم ١٩٩٩.ل ل ٨-.٩

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ل ٩-.١٠

٢٦- هەمان سەرچاوەه ل .١٦

٢٧- ئومێد خەتاب-چەمچەماڵ کانگایەك لەشوێنەواری زێڕین، سەرچاوەی پێشوو، ل.٦

٢٨-پێدەر مۆر یەنسن، چەردەیەك دەربارەی کۆرنۆلۆژیای کۆمەڵگا بەراییەکان لە گوندی کشتوکاڵی لەباکوری عێراقدا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارەی ٩ی ساڵی سێیەم،ئەیلولی ١٩٩٩،ل .١٤٤

٢٩- سمکۆ بەهرۆز مەحموود (ئەژی)، گۆڕانە ئابورییەکانی کەرکوك لەڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

٣٠- پەخشان عەبدولاّ محەمەد، جرمو مین مستوطنات اولی فی کردستان، المصدر السابق ، ص ١٧٠.

* رۆبەرت.جەی.برەیدوود بەناوبانگترین زانای شوێنەوارناسی ئەمریکییەو مامۆستای ڕەگەزناسی و جیهانی شوێنەوارناسییە لەزانکۆی شیکاگۆ، ناوبانگی کارەکانی لەکوردستاندا پەیداکردووەو کنەوپشکنینی زانستی لەیەکەم گوندی کشتوکاڵیدا ئەنجامداوە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥٥ز، کەمال نوری مەعروف، تیرۆژە تیشکێك بۆسەر شوێنەواری بەردە بەلەك، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارەی ٧ی ساڵی دووەم، ئازاری ١٩٩٩، ل ٤٣.

٣١- دکتور جمال رشید ئەحمەد و دکتور فەوزی رەشید- المصدر السابق،ص٢٨.

٣٢- زەردەشت کەمال،شوێنەواری قەلاّی چەرموو چاخی بەردینی نویّ لەڕووی ئاوبوری‌و کۆمەلاّیەتییەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

٣٣- هەمان سەرچاوە ل ٨.

٣٤- سەروەر ئەحمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو،ل ل ٢٨-٢٩.

٣٥- سمکۆ بەهرۆز مەحموود (ئەژی)، گۆڕانە ئابورییەکانی کەرکوك لەڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

٣٦- زەردەشت کەمال، شوێنەواری قەلاّی چەرموو چاخی بەردینی نویّ لەڕووی ئابوری‌و کۆمەلاّیەتییەوە، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٢.

٣٧- سەروەر ئەحمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٩.

٣٨- ط باقر واخرون، تاریخ العراق القدیم، جزء الاول-المصدر السابق، ص ٨٤، زەردەشت کەمال، شوێنەواری قەلاّی چەرموو چاخی بەردینی نویّ لەڕووی ئابوری‌و کۆمەلاّیەتییەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.



# "له‌ ناوچه‌كه‌دا نه‌ته‌وه‌ی كورد نویٚ نیه‌، هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاكانیشه‌وه‌ هۆشیاری ئابوری هه‌بووه‌"

**د.نه‌رمین مه‌عروف***

د.نه‌رمین مه‌عروف مامۆستای ئابوری زانكۆی سلێمانی تیشك ده‌خاته‌ سه‌ر ئه‌و مێژووه‌ گرنگه‌ی گوندی چه‌رموو به‌تایبه‌تی هه‌وڵی دانیشتوانی ئه‌و گونده‌ كه‌ كشتوكاڵكردن بووه‌، ئه‌و مامۆستایه‌ی زانكۆ ده‌ڵێت: "به‌گشتی هه‌رێمی كوردستان یه‌كێكه‌ له‌و ناوچانه‌ی زۆر له‌باره‌ بۆ كشتوكاڵكردن، كورد له‌دێرزه‌مانه‌وه‌ له‌دوای فێربوونی كشتوكاڵكردندایه‌، زیاتر گرنگی به‌كشتوكاڵ داوه‌و به‌رده‌وام بووه‌، هه‌ر لێره‌شه‌وه‌ چالاكی ئابوری به‌ئه‌نجام گه‌یاندووه‌ كه‌ بریتی بووه‌ له‌كشتوكاڵكردن، ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌ ده‌سه‌لێمێنیٚ كورد مێژوویه‌كی دوورو درێژی هه‌یه‌ له‌م ناوچه‌یه‌داو گرنگی به‌چالاكی ئابوری داوه‌ وه‌ك بژێوی‌و سه‌رچاوه‌ی ده‌رامه‌ت‌و گوزه‌ران بووه‌ بۆ خۆی، ئه‌مه‌ش ده‌وه‌ ده‌سه‌لمێنیٚ كوردستان له‌دێر زه‌مانه‌وه‌ ناوچه‌یه‌كی ئاوه‌دان بووه‌و له‌بار بووه‌ بۆ ژیان كه‌ ده‌وڵه‌مه‌نده‌ به‌سه‌رچاوه‌و ده‌رامه‌ته‌ سروشتیه‌كان، زه‌وی به‌پیت و به‌كه‌ڵك بۆ كشتوكاڵ كه‌ له‌ باره‌ له‌ ڕووی پله‌ی گه‌رما و سه‌رچاوه‌ی ئاوه‌وه‌،

................................................................................................

*مامۆستای ئابوری له‌زانكۆی سلێمانی و خاوه‌نی بڕوانامه‌ی دكتۆرا

ئەمانەش هۆکاری گرنگن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی کشتوکاڵکردن، ئەم هۆکارانەش پاڵنەرن بۆ ئەوەی دەست بکەن بە کشتوکاڵکردن".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ ڕونیشیدەکاتەوە بەهۆی ئەوەی کە گوندی چەرموو مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لەناوچەکەدا نەتەوەی کورد نویٚ نیەو هەر لەسەرەتاکانیشەوە هۆشیاری ئابوری هەبووەو توانیویٚتی چالاکی ئابوری بەئەنجام بگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە چەرموو وەك شوێنەوارێکی گرنگ ماوەتەوەو دەتوانرێت وەك شوێنێکی گەشتیاریش بەکار بهێنرێت، یان ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەوەی تویژینەوە بکرێت لەسەر ڕەسەنایەتی کوردو لەسەر مێژووی کشتوکاڵی، وە دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە بۆ چەندین مەبەست بەکاربهێنرێتو ببێتە پاڵپشتییەکی تر وەك سەرچاوەیەکی تری داهات.

ناوبراو نیگەرانە لەوەی تاکو ئێستا شوێنەوارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی باش ئاوڕیان لیٚ نەدراوەتەوەو دەڵێت: "بەداخەوە جگە لە چەرموو چەندین شوێنەواری تر هەن تائێستا گرنگییان پێنەدراوە، ئەمەش بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە ئابورییەکان، بەشێکی تری ئەگەڕێتەوە بۆ دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەردەمانی پێشوودا"، دەشڵێت: "نابێت ئەوەش بیر بچێت، لەسەردەمی رژێمی پێشوودا سەرجەم ناوچە گوندنیشەکانو لادێکانی کوردستان وێرانکران، بەدڵنیاییەوە سنوری گوندی چەرمووش وەك ناوچەکانی تری کوردستان ڕووبەڕووی هێرشو پەلامارەکانی ئەنفالو ڕاگواستن هاتووە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا، هەر ئەمەشە وایکردووە گرنگی کەرتی کشتوکاڵ لاوازبێتو ئەو پێگەو گرنگییەی نەمێنیٚ لەداهاتی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە خەڵکەکەی ڕاگوێزراوەو خاکەکەی وێرانکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی خراپبوونی ڕێگەوبانەکانی هاتوچۆو بووەتە هۆی وێرانکردنی ژێرخانی ئابوریو داتەپینی، ئەمە بەشێکی، بەشێکی تریشی پەیوەندی هەیە بەسیاسەتە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە دووبارە دەکرێتەوە کشتوکاڵ گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراكو پێویستە گرنگی پێبدرێت بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسانو کەمکردنەوەی بێکاریو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەڵام لەڕاستیدا وەکو پێویست نەتوانراوە پلانی بۆ

دابڕێژرێت، پلانەكانیش كەداڕێژراوە وەكو پێویست جێبەجێنەكراوە، بەشێكی تری دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستنی هەرێمی كوردستان بە داهاتی نەوت وەك بەشە بودجەی حكومەتی هەرێمو داهاتی نەوتی خاو لەعێراقەوە، ئەمەش وایكردووە وەك پێویست پلانەكان جێبەجێ نەكرێن، لەڕوویەكی تریشەوە كەموكورتییەكانی ژیانی گوندنشین وایكردووە لەم سەردەمی پێشكەوتنو تەكنەلۆژیایەدا بەدوای باشترین خزمەتگوزاریدا بگەڕێت، نەبوونی ئەو خزمەتگوزاریانە لەلادێكاندا هۆكارە بۆ ئەوەی خەڵكە گوندنشینەكان نەڕۆنەوە، ئەمەش بووەتە هۆی زانینو فێربوونی ژیانی شارو مانەوەیان لەشارەكاندا بەهۆی دابینكردنی ئەو خزمەتگوزاریانە لەشارەكاندا ئەمەش هۆكاری سەرەكییە كە خەڵكی گوندەكان نەگەڕێنەوە بۆ گوندەكانو دووبارە دەست بە ژیان بكەنەوە، چونكە پێویستییەكان پڕنابێتەوە، لەلایەكی تریشەوە بوونی كەرتی كشتوكاڵ پێویستی بەكۆمەڵێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، پێداویستییەكانیشی زۆرن، نەبونی ئەو پێداویستیانە لەكەرتی كشتوكاڵدا وەك موڵكایەتی تایبەتو دابینكردنی ئامێرەكانی كێڵانو بژاركردنو تۆوی باشو پەینو ...هتد، ئەمانە هەموو كۆمەڵێك بەربەستی گرنگن وەكو پێویست چارەسەری بۆ نەكراوە، ئەمەش وایكردووە كەرتی كشتوكاڵ پشكدارێتی بەرهەمداریو داهاتی نەتەوایەتی لەهەرێمی كوردستاندا لاواز بێت، لەلایەكی تریشەوە بوونی سیاسەتە ئابوورییەكان نەیتوانیووە پارێزگاری لەبەرهەمی خۆماڵی بكات كە كەرتی كشتوكاڵ ڕووبەڕووی كێبڕكێیەكی گەورەی بەرهەمی بیانی بووەتەوە، ئەمەش وایكردووە قازانجو داهای كەرتی كشتوكاڵ زۆر لاوازبێت بۆ بەرهەمهێنەرەكان، ئەم پشتگیری نەكردنەش وایكردووە بەردەوام نەبن لەبەرهەمهێنانی كشتوكاڵو بووەتە هۆكارێك بۆ لاوازبوونی پێگەی كەرتی كشتوكاڵی، ئەمەش بووەتە هۆی فەرامۆشكردنی ئەو ناوچەیەو سەرجەم ناوچە كشتوكاڵییەكانی هەرێمی كوردستان لەڕووی كشتوكاڵییەوە".

د.نەرمین بەداخەوەبوو بۆئەوەی لەڕووی گەشتیاریشەوە شوێنەوارەكان بەگشتیو چەرموو بەتایبەتی فەرامۆشكراوە، ئەو وتی: "هەرچەندە هەرێمی كوردستان وەك ناوچەیەكی گەشتوگوزاریی دەركەوتووەو خەڵكانێكی زۆر سەردانی دەكەن، بەڵام هێشتا هەرێمی كوردستان لەسەرەتادایەو خزمەتگوزارییەكانی بواری

گەشتوگوزاریو بەزانستکردنی گەشتوگوزار هەر لەسەرەتادایە، هەربۆیە ئەو ناوچەیە ئەگەر لەڕووی کشتوکاڵەوە فەرامۆشکرابێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆ گەشتیارییش بیری لێنەکراوەتەوە تاکو بەکاربهێنرێت".



# "گرنگیدان بە شوێنەوارەکان بەهایەکی ئابوری هەیە و دەتوانرێت ئەو ناوچەیە بکرێت بە ناوچەیەکی بەدەستهێنانی داهات"


**د.کامەران ئەحمەد***


لەبارەی گرنگی گوندی دێرینی چەرموو دکتۆر کامەران ئەحمەد مامۆستای ئابوری لەزانکۆی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکات کە گوندی دێرینی چەرموو شوێنێکی شوێنەواری دێرینەو ئەو شوێنەوارە ئێستا بەشێکی کەمی ماوە و هیچ ئاماژەیەکی ژیانی خەڵکی پێوەدیارنیە، تەنها وەکو ناوچەیەکی لەوەرگاو وەکو لەوەرگایەکی سروشتی بەکاردەهێنرێت، ئەو وتی: "وەکو بەڵگە مێژووییەکان بۆ ئێمەیان باسکردووە گوندی چەرموو دێرینترین گوندی مرۆڤ نشینە لەسەر گۆی زەوی کە بۆ یەکەمجار مرۆڤ تیایدا فێری نیشتەجێبوون بووەو ژیانی ڕاوو شکارو کۆکردنەوەی خۆراک تیایدا گوازراوەتەوە بۆ چاندن و کشتوکاڵکردن و بەرهەمهێنانی خۆراک لەڕێگەی کشتوکاڵکردن یان بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕوماڵات".

ناوبراو وتیشی: "دیارە گوندی چەرموو یەکەم شوێنی سەرهەڵدانی شۆڕشی کشتوکاڵییە، گرنگی گوندی چەرموو دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیشۆڕشی کشتوکاڵی، لەبەرئەوەی شۆڕشی کشتوکاڵی بوو مرۆڤی لە ڕاکەڕاك و ڕاووشکارەوە گواستەوە بۆ ژیانی جێگیربوون و فێربونی ژیانی شارستانییەت و مسۆگەر لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی زیادەی بەرهەم بەجۆرێك بێت کە بتوانێت خزمەتی خۆشی بکات و

---

* مامۆستای ئابوری لەزانکۆی سلێمانی و خاوەنی بڕونامەی دکتۆرا

هەنگاوێك بڕواتە پێشەوەو چالاکی لەئاڵوگۆڕدا دروست بکات ئەویش بە پەیداکردنی زیادەی بەرهەم لەکەرتی کشتوکاڵی نەك تەنها زیادەی بەرهەم لە مەڕومالاّتدا لەقۆناغەکانی شوانکاریی کە لەکۆمەڵگای شوانکارەییدا دروستبووە".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ ڕونیشیکردەوە کە زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی گڕوتینێکی گەورە بوو بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئاڵوگۆڕ لەسەر بونیادی شمەك بەشمەك، دەستپێکێکی نوێی لەدابەشکردنی نوێی کار بۆ مرۆڤایەتی هێنایە پێشەوە کە ئەویش دابڕانی کاری کشتوکاڵییە لەکاری شمەککاری.

لەبارەی بابەتی شانازیکردنی نەتەوەی کورد بەو شوێنەوارە دێرینەوە ئەو مامۆستایەی زانکۆ وتی: "لەزانستی ئابوریدا بابەتی شانازی ئەوەندە بەهایەکی گەورەی نیە، لەشیکردنەوە ئابورییەکاندا چالاکییە ئابوریيەکان پابەند بەڕەوتی پەرەسەندنی پێشکەوتنی مرۆڤەوە دەبەستینەوە،ئەگەر ناوی شانازیشی لێبنێین، شانازییەکە لەوەوە پەیدا دەبێ کە هەنگاوی یەکەممان ناوە جۆرێکی باشتر لەژیان بۆیەکەمجار بهێنرێتە ئاراوە کە پێشتر مرۆۆڤ پێی ئاشنا نەبووە کە ئەویش کشتوکاڵکردن و نیشتەجێبوونە، کەواتە لێرەدا شانازیکردن چیە؟ شانازیکردن کاردانەوەیەکی مەعنەوییە بۆ ئەو چالاکییانەی لەژیانی مرۆڤدا هەن ئیدی چالاکییەکان ئابوری بن یان سیاسی یا هەرجۆرێکی تری چالاکی کۆمەڵایەتی بن، کەواتە مەسەلەکە لێرەدا شانازیکردن نیە هێندەی دیاریکردنی جێدەستی مرۆڤی کۆنی ڕۆژهەلاّتی ناوەراستی کوردستانی ئێستایە لەداڕشتنی ئێستاو ئایندەی ژیانی مرۆۆڤ".

لەبارەی ئەو دەستپێکی پەرەسەندنەی کشتوکاڵ لای دانیشتوانی گوندی چەرموو بۆ کشتوکاڵکردن و گرنگی بۆ ئەو گەشەسەندنەی کە لەئێستادا لەکەرتی کشتوکاڵدا هەیە، دکتۆر کامەران ئەحمەد ڕونیشکردەوە کە ڕەهەندەکانی پەرەسەندنە بەئاقارێکی نیشتەجێبونی و شارستانیو پێشکەوتوو لەکاتێکدا ئەگەر نیشتەجێبوون نەبوایە هەرگیز شارستانێتی نەئەهاتە ئاراوەو بونیادەکانی دروستکردنی دەوڵەتی شارستانی کە لە سەدەکانی هەزارەی سێیەمو هەزارەی چوارەمی پێش زایین کە هاتە ئاراوە لە دروستکردنی ئیمپراتۆری ئەکەدیو سۆمەریو بابلیو هەتا دوایی ئەمانە

بونیادەکانی شارستانێتین، بونیادەکانی گەشەسەندن‌و دامەزراوەی دەوڵەت‌و تێکئالأنی چالاکی ئابوری‌و دامەزراوەی حکومەتن، ئەمانە وایکردووە کە بتوانرێت دابەشکردنە کۆمەڵایەتییەکانی دووەم‌و سێیەم‌و چوارەمی کۆمەڵایەتی ڕووبدات‌و بونیادەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر لەدەزگای ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاینی‌و کارگێڕی هەتا دوایی، واتە کلیلی کرانەوەی مرۆڤایەتی‌وو ئەوەی مرۆڤ بوو بەخاوەنی دامەزراوە بێگومان لە نیشتەجێبونەوە سەری هەڵداوە".

دکتۆر کامەران لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت‌و لەبارەی گرنگیدان بەشوێنەواری چەرموو و کردنی بەمۆزەخانەو شوێنێکی گەشتیاری‌و هاوکات ئەنجامدانی توێژینەوە لەو شوێنەوارەدا وتی: "ئێمە بە پلەی یەکەم من خۆیشم وەکو مامۆستایەکی ئابوری تێڕوانینەکانم لەچوارچێوەیەکی ئابوریانەدایە، گرنگیدان بەناوچەیەکی ئارکیۆلۆژی شوێنەوارێکی دێرین نەك زۆر گرنگە بەڵکو زۆر زۆر پێویستەو ئەوەش کاری دەوڵەت‌و دامەزراوەکانە، حکومەت پێویستە ئەو ناوچانە زیندووبکاتەوە بۆ کۆمەڵێك بەها وەك باسمان کرد بەها مێژووییەکان، بەهای کۆمەڵایەتی کە لەگۆڕانکارییەکانی ژیانی ژینگەو کۆمەڵایەتی کردوێتی، ئینجا بۆ بەها سیاسییەکان دەگەڕێتەوە وەکو نەتەوەیەك شانازی پێوەبکرێت، چوارەم بەهایەکی ئابوری هەیە دەتوانرێت ئەو ناوچەیە بکرێت بەناوچەیەکی بەدەستهێنانی داهات‌و کەڵکی ئابوری، بۆ نموونە میسرییەکان ساڵانە چەندین ملیار دۆلار لەداهاتی گەشتیاری شوێنەواری کۆن بەدەست دەهێنن لەڕێگەی سەردانیکردنی هاوڵاتیان بۆ شوێنەواری هەرەمەکانی فیرعەونەکان، کەواتە ئەگەر ئەو ناوچانەت زیندوو کردەوە دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری شوێنەواریی کە سەدان کەس دەتوانن کاری تیابکەن‌و هەلی کاری تیادا بڕەخسێت‌و ببێت بەسەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی داهات، پێویستە لەو ڕوانگەیەشەوە تەماشا بکرێت جگە لەڕوانگەی مێژوویی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکە کەواتە بەهایەکی ئابوری گەورەشی هەیە ئەویش وەکو ناوەندێکی گەشتیاری شوێنەواری، کەواتە گرنگیپێدانی هەر ئەو قسانە نیە کە بوترێت پێویستە حکومەت گرنگی پێبدات"

سـەبارەت بـەوەی ئایـا لەئێسـتادا کـات درەنـگ نیـە تـاکو حکومـەت ئـاوڕ لەشوێنەوارەکان بداتەوەو وەکو شوێنێکی گەشتیاری کاریان بۆ بکات؟ ناوبراو وتی: "باس لە درەنگی و زوویی ناکەین، کاتی خۆی و تائێستاش نەکراوە، ڕەنگە بەهۆی ئەوە بووبێ ئێمە لەهەرێمی کوردستانو ولاّتێکی پارچەپارچەی ژێردەست بووینە، دوژمنـەکانمان هەمیشـە خـەوی گولییـان بەئێمـەوە بینیـووە، دوژمنـەکانمان شوێنەوارەکانمانیان سڕیوەتەوە، ئەوان قەلاّی کەرکوکیان ڕوخاند نیەتییان وابوو قـەلاّی دێرینـی هـەولێریش بـڕوخێنن، بەعسـییەکان هـەموو شـوێنەوارەکانیان لـەناوبردینو هـەموو شـارو گونـدەکانیان وێرانکـردین، نەتـەوەی کـورد لـەژێر جینۆسـایددا ژیـاوە، کەواتـە کـێ گرنگـی بـە شـوێنەوار بـدات، ئـەو کەسـە گرنگـی بەشـوێنەوار دەدات کەبەڕاسـتی دڵسـۆزنو خۆیـان بـەخاوەنی هـەموو ئـەو بەهایانـە دەزانن کەباسمان کردن، کەواتە لێرەدا حکومەتی هەرێمیش بەکۆمەڵێك کەندوکۆسپو نشێودا تێپەڕیووە، لەناو ئەو هەموو کەندو کۆسپانەدا هەندێ شت هەیە لەپێشترە، ژیـانو نـانو ئاسایشـی خـەڵك لـەپێش شـوێنەوارەوەیە ئـەوە ڕاسـتییە، بـەلاّم ئایـا هـەروەکو تائێسـتا خزمـەتی شـوێنەوارەکانمان نـەکردووە لەمـەولاش دانیشـینو نەیکـەین؟ نـەخێر پێویسـتە بیکـەین، لەئێسـتادا[1] لەکوردسـتان لەلایـەن چـەند شارەزایەکی بیانییەوە کنەو پشکنین بۆ شوێنەواری بێستان سوور دەکرێتو بەپێی ئەوەش وا دەردەکەوێت ئەو گوندەی بێستان سوور لە چەرموو کۆنتربێت، کەواتە ئەو بۆچونەی هەندێ پێیان وایە لە پاکستانو چەند ولاّتێکی تر گوندی کۆنتر هەیە، ئەوە ڕاسـت نیـە، ئـەوەتا هـەر لەکوردسـتانەکەی خۆمـان لـە چـەرمووش کـۆنتر وەختـە دەدۆزرێتـەوە، بـەهۆی ئـەو کنەوپشـکنینانە نـەبێت کـە کـراوە بەچـی بـزانین کـە بـۆ چ سـەردەمێکی مێـژوویی دەگەڕێنـەوە، بۆیـە زۆر پێویسـتەو گرنگـە توێژینـەوە لەگونـدی چەرموو بکرێتو چینەکانی زەوی بەشێوەی زانستی هەڵبدرێنـەوە تـاکو بزانرێت ئایا مێژووەکـەی بـۆ چ سـەردەمێکی گرنگـی مێـژوویی دەگەڕێتـەوە ئـەویش بـۆ پاراسـتنی هەموو ئەو بەهایانەی باسمان کردن".

............................................................................................

(١)ئەم چاوپێکەوتنە لەساڵی ٢٠١٣دا ئەنجامدراوە، مەبەست لەوساڵەیە کە کاری کنەو پشکنین لە شوێنەواری بێستان سووردا کراوە.

لــەوەلاٌمی ئــەو پرســیارەی کــە دەڵێــت هەنــدێ وڵات ئــەو داهاتــەی لەکــەرتی گەشتیاریو گەشتیاریی شوێنەوارەوە دەستی دەکەوێت زۆر زیاترە لەو داهاتەی کە لەکەرتێکی تری وەکو پیشەسازیو بازرگانییەوە دەستی دەکەوێت، واتە دەکرێت چەرموو یەکێك بێت لەو شوێنانەو ببێتە سەرچاوەیەکی تری داهات لەم هەرێمەدا؟ ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی ڕونیکردەوەو وتی: "بەڵێ زۆر ڕاستە، زۆر وڵات هەیە گرنگی بە شوێنەوارو کەرتی گەشتیاریداوەو سالاٌنە داهاتێکی زۆر زۆری لێدەست دەکەوێتو بە داهاتی گەشتیاریی دەژین، بۆنموونە میسر سالاٌنە لەسەروو (دە) ملیار دۆلار لەکەرتی گەشتیاریی شوێنەوارەوە دەست دەکەوێت".

ناوبراو زیاتر دواو وتی: "گرنگیدان بەکەرتی گەشتوگوزاریی لەو چوارچێوەیەشدا گەشتوگوزار لەپێناوی ناسین و بینینی شوێنەواردا، ئەمە ئەگەر گرنگی پێبدرێت دەتوانرێت ببێت بەکەرتێکی زۆر باش کەرتێك کەلەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، هەنگاوێگە بەرەو ئەوەی لەو بارودۆخەی کە دەوڵە تازە پێگەیشتووەکان پێوەی دانالێنن کە پێی دەوترێت کەرتی تاك یان تاکە کەرتی، لەولاٌتی ئێمەدا هەموومان باش دەزانین کە کەرتی نەوتە هەیمەنەی کردووە بەسەر تەواوی کەرتە ئابورییەکانی تردا کە داهاتی نەتەوەیی لەعێراقدا لەسەروو لەسەدا نەوەدی لەفرۆشتنی نەوتەوە بەدەست دەهێنرێت، بەڵێ ئەو وەختە ئەگەر کەرتی تریش بێتە ئاراوە ئەو کات گومانی تیادانیە هەنگاوێك دەبێت لەوەی لە یەك کەرتی ڕزگارمان ببێتو هەنگاو بنێین بەرەو هاوبەشیپێکردنی تەواوی کەرتە ئابورییەکانی تر لە دروستکردنی داهاتی نەتەوەییدا".



# "ناسنامەی یەکەمین نەواتی
# شارستانی لە دنیادا
# مۆرکی کوردە و کورد خاوەنێتی"

## هەڵەت هەمەوەندی

زۆرجار لەئەنجامی خەمی گەورەیان بۆ پرس‌و بەها نەتەوایەتی‌و نیشتمانییەکان کەسانێك بەشێکی زۆری ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەو بەهایانەو بەرزڕاگرتنیان، هاوکات هەوڵەکانی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ گرنگیپێدان‌و زانیاری کۆکردنەوە لەسەریان، هەڵەت ڕەشید هەمەوەندیش یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی ماندووبوونێکی زۆری چەشتووەو هەوڵێکی باشیداوە بۆئەوەی زانیاری لەبارەی شوێنەوارەکانەوە پەیدا بکات‌و هاوکات کاری کردووە تاکو لەهەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بە شوێنەوارەکان بدرێت، لەسەرەتادا ئەو ڕۆشنبیرە لەبارەی گرنگی‌و بایەخی شوێنەواری چەرموو دواو وتی: "دەتوانین گرنگی چەرموو دابەش بکەین بەسەر چەند لایەنێکەوە، یەکەم لەڕووی نیشتەجێبوونەوە، دەتوانین بڵێین چەرموو دەستپێکی ئەو لایەنەیە، کە بۆیەکەمینجار مرۆڤایەتی بیری لەوەکردەوە لەشاخەکانەوە، یاخوود لە قۆناغی بەربەرییەتەوە بیر لەنیشتەجێبوون بکاتەوەو دواتریش بیری لەدروستکردنی خانوو کردەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی، بەجۆرێك کە چەرموو بووە هۆی ئەوەی کەبیر لەدیزاینی خانوو بکاتەوەو لەزەویەکەوە پاشان دیوارو دواتر بۆ سەقفی خانوو، کەئەمەش دەستپێکە بۆ نیشتەجێبوونی مرۆڤ،

لایەنی دووەمیش ئاژەڵداریە، دوای ئەوەی مرۆڤایەتی قۆناغی نیشتەجێبوونی بڕی، ڕاستەوخۆ بیری لەبەخێوکردنی ئاژەڵ کردەوە بەجۆرێکی تر، بەتایبەتی ئاژەڵی ماڵی، پێشتر تەنها بیر لەڕاوکردنی ئاژەڵ کراوەتەوە بۆ ئەوەی بیخۆن، بەلاّم لەدوای نیشتەجێ بوون لەچەرموودا هەولّدرا مەڕو بزنو بەراز بەخێو بکرێت، بەشێوەیەك بۆ ئەوەی بتوانرێت سوود لەبەرووبوومەکانیان وەربگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بیر لەوە کرایەوە هەندێك ئاژەڵ بەکار بهێنرێت بۆ پاراستنی خۆیان کەپێشتر بەدڕندە دادەنران، لایەنێکی تر پیشەوەرییە، لەچەرموودا بۆیان دەرکەوت پێویستیان بەچەند ئامێرێك هەیە کەڕۆژانە بۆ خۆیان بەکاریبهێنن، وەك (داسو چەقۆو تەور) هەروەها بیر لەدروستکردنی(گۆزەو کوپەلە) بۆ ئاوخواردنەوەو مەنجەڵ بۆ چێشت کردن. هەروەها لەڕووی کشتوکاڵەوە بەهۆی ئەوەی زەوی فراوانو ئاو هەندێك هۆکاری تر هەبوو بۆ کشتوکاڵکردن لەگەڵ ئاژەڵداری بایەخی پێدا، کەبۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی جیهان دانەوێڵە گرنگی پێدرا. لایەنێکی تری گرنگ ئەوەیە، چەرموو بەوە جیا دەکرێتەوە گرنگییەکی جیهانی هەیە لەڕووی شارستانییەوە، یەکێك لە ڕەگەزەکانی ئەوەیە چەرموو بە دەستپێکی خاڵێك دابنرێت لەڕووی شارستانییەتەوە، ئەویش لایەنی ئاینداریە، بەپێی ئەو پاشماوانەی کەلەچەرموودا دۆزراونەتەوە، تیمێکی زانکۆی شیکاگۆ بەسەرۆکایەتی (پرۆفیسۆر برەیدوود) چوونە ئەوێ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیان کرد، هەندێك پەیکەری بچوك دۆزرانەوە دەلالەت لەوە دەکات دانیشتوانی ئەو شوێنە ئافرەتیان پەرستووە، واتە ئاینی ئەوان لەوکاتەدا یاخوود وابەستەیەکی دینی، ئەخلاقی، کۆمەلاّیەتی سایکۆلۆژییان، هەبووە بەرامبەر بەشتێك کە پیرۆزیان کردووەو پەنایان بۆ بردووە لەکاتی کێشەکاندا، لێی پاڕاونەتەوە بۆ ئەوەی فریایان بکەوێت، بەپێی ئەو نوسینو باسکراوانەی لەسەری دەیگێڕنەوە".

لەبارەی زەمینەسازی بۆ لێکۆڵینەوە لەشوێنەواری چەرموودا تاکو گرنگییەکی ئابوری هەبێت، هەڵەت هەمەوەندی ڕوونیدەکاتەوەو دەڵێت: "ئەگەر نمونەیەك باس بکەین، ولاّت هەیە لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکانی خۆی دەژی بۆنموونە (بەیروت)ی ولاّتی لوبنان یەك شوێنی شوێنەواری هەیە کە ئەشکەوتێکە ئەویش دەستکردەو خۆیان دروستیان کردووە، ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلار داهاتی هەیە، نمونەی تر ولاّتێکی وەك مەغریب لەسەر گەشتوگوزار دەژی، هەروەها ولاّتی تایلەند لەسەر گەشتوگوزار دەژی، زۆر ولاّتی تریش هەیە، بەلاّم ئێمە بەحوکمی ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە کوردستان هێشتا جێگیرییەکی تەواوی سیاسیمان نیە، شتی تر هەیە لەپێش ئەمەوە گرنگی پێدراوە، تەرکیز لەسەر بابەتە سیاسیەکان کراوە، بۆنمونە لەئێستادا دەستور نیە ململانێی سیاسی لەنێوان هەرێمو بەغدا هەیە، بۆیە تەرکیزی حکومەت ئێستا زیاتر بەلای بابەتە سیاسیەکاندایە، بەلاّم ئیشی سەرەکی حکومەت ئەوەیە کەگرنگی بەهەموو لایەنەکان بدات، ئێستا زیاتر لە (٣٤٠٠) شوێنەوار لەکوردستاندا هەیە وەك ئەشکەوتو قەلاّو چەندین شوێنی دێرینی تر، بۆیە ئەم شوێنانە پێویستیان بەوەیە دامەزراوەیەکی گشتی هەبێت یاخود وەزارەتێکی تایبەت هەبێتو بودجەیەکی باشی لەژێر دەستدا بێت، یان دامەزراوەی زانستی دروست بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی شوێنەوارەکانمانو پسپۆڕی بیانی بێت لێکۆڵینەوە بکات، هەروەها ئەم شوێنانە پێویستییان بەوەیە ژینگەیەکی کۆمەلاّیەتی خۆشڕابواردن (تەرفیهی) بۆ دروست بکرێت، کاتێك گەشتیارێك لەدەرەوەی ولاّتەوە سەردانت دەکات دەبێت ژینگەیەکی وا بڕەخسێنیت کەئەمە دیار بێت شوێنەوارێکی دێرینە بەوەی پاشماوەی ئەو شوێنە ببینێت".

لەبارەی خاوەنداریێتی ئەو شوێنەوارە گرنگەی مێژوو هەڵەت هەمەوەندی ڕوونیکردەوەو وتی: "ناسنامەی یەکەمین نەواتی شارستانی لەدنیادا مۆرکی کوردەو

کورد خاوەنییەتی، نەك تەنها لەڕێگەی چەرمووەوە، بەڵکو سەدان شوێنەواری دێرین لەکوردستاندا هەن لەناوچە جیاجیاکاندا کە سەلمێنەری ئەوەن کورد خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژو خاوەن شارستانییە، وتیشی خاوەندرێتی یەکەمین خاڵی دەستپێکی شارستانی تەنها لەڕووی کشتوکاڵەوە نیە، بەڵکو لەڕووی پیشەسازیو هونەرو ئاینیو مەڕدارییو ئارکیتێکتیو جێگیری کۆمەڵایەتییەوەیە، داهێنانی کۆمەڵایەتی لەمێژووی دنیادا لێرەوە سەرچاوەی گرتووە، ئێستاش لەهەموو سەرچاوە جیهانییەکان کە باسی دەستپێکی شارستانی دەکرێت ئاماژە بە چەرمووی چەمچەماڵی کوردستان دەکرێت، ئەم مێژووەو ئەو ژمارەیەی کە بۆ چەرموو دانراوە چووەتە دەفتەری مێژووەوەو خاوەنی ئەو ناسنامەیەی کە پێیدەدرێت خاڵی وەرچەرخانی مرۆڤایەتی لەشاخەوە بۆ دەشت، لەبەربەرییەوە بۆ جێگیری، لە پەرتەوازەییەوە بۆ کۆبوونەوە، لەدەست بەتاڵیو دڕنداریێتییەوە بۆ پیشەوەرییو ڕێزگرتنی بەرامبەر، هەموو ئەمانە ئەو مۆرکانەن کە چەرموو بووە خاوەنیو خەسڵەتێکی داهێنا کەلەسەرجەم شوێنەکانی تری دنیادا چاوی لێبکرێت، بۆیە ئێستاش مرۆڤو دانیشتوانەکانی چەرموو بەخاوەن گەورەترین داهێنانی مرۆڤایەتی دەدەنرێن".

ئەو ڕۆشنبیرە ئاماژە بەوەدەکات کە زەمانێکە کاتی ئەوە هاتووە ئەم شوێنەو چەندین شوێنی گرنگی تری کوردستان ئاوڕی لێبدرێتەوەو بکرێت بەشوێنێك کە میللەتی کوردی پێبناسرێتەوەو لەسەرجەم وڵاتانی دنیاو میللەتانی تری دنیا ڕووی تێبکەن. ناوبراو وتی: "گرنگیدان بەچەرموو گرنگیدانە بە شارستانییەتو کلتوری نەتەواییەتیمان، گرنگیدانە بە بوژاندنەوەی شارستانییەتو شوێنەوار، گرنگیدانە بە بوژاندنەوەی جوڵەی گەشتیاری، ژیانەوەی کلتوری شانازیکردنە بەمێژووی

تێروتەسەلی کوردایەتییمان، پێم وایە چەند شتێکی گرنگ دەتوانرێ بکرێت بۆ ڕزگارکردنی چەرموو و شوێنەوارەکانمان ئەوانیش وەك:

- دروستکردنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژیو دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ چۆنێتی کردنی چەرموو بەسەنتەری گەشتیاری گشتی لەکوردستانداو بیناکردنی مەرکەزێکی گرنگی ئاڵوگۆڕی کەلتوری تیایدا.
- دیاریکردنی شوێنە سەرەکییەکانی چەرمووی کۆن، ئەگەر وەکو بیناکردنی شورا- ش بێت بەدەوری ئەو شوێنەی کە بینایان لێ دروستکرابوو یاخود بەلایەنی کەمەوە دروستکردنی شتێکی نیمچە لێکچوو بەشێوازە کۆنەکانی بیناکان.
- چاککردنەوەو دروستکردنی ڕێگاوبانو خزمەتگوزاری پێویست بۆ گوندەکەو دەوروبەری.
- دروستکردنی هۆتێلو چێشتخانەو کافتریای مۆدێرنو کلاسیك.
- گرنگیدانی حکومەت لەڕووی لایەنی ڕیکلامو هاندانی خەڵکانی بیانی بۆ ڕووکردنە ئەم شوێنە.
- دروستکردنی زانکۆیەك بەناوی چەرموو و ئەم شوێنە ئاوەدان بکرێتەوە.[١]

بەهەموو ئەم هەنگاوانەش چەرموو لەمردنو لەناوچوون ڕزگاری دەبێتو دەبوژێتەوە".

---

(١) دیارە لەساڵی ٢٠١٣دا و لەکاتی ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنەدا، زانکۆیەك نەبووە بەناوی چەرموو، بەڵام دواتر و لەساڵی ٢٠١٤دا زانکۆیەك بەناوی "چەرموو" لەچەمچەماڵ کراوەتەوە.



# چەرموو
# لەچەند دێڕێکدا

**سەروەر ئەحمەد کەریم**

چەرموو لەسەر ڕۆخی چەمێکی قووڵەو یانزە کیلۆمەتر لە چەمچەماڵەوە دوورەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتییەوە، ٢٥٠٠ مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو پاشماوە شوێنەوارییەکانی لەقولایی حەوت مەتردا بووە، برەیدوود لەرۆژی ١٩٥٠/١٠/٣ دەستی بەهەڵکۆڵینی قەڵای چەرموو کردووە کە خۆی سەرۆکی ئەو تیمە بووە کەلەلایەن پەیمانگای خۆرهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆوە پێکهێنراوە.

هەروەکو برەیدوود دەڵێ "چەرموو گوندێك بووە دانیشتوانەکەی لەسنوری ١٥٠ کەسدا بووەو لە ٢٥ خێزان پێکهاتووە، هەروەها لای وابووە چوارسەد ساڵ ژیان تیایدا بەردەوام بووەو لەشانزە چین پێکهاتووە".

**گرنگی ئەم شوێنەوارە**

- لەڕووی ئابوورییەوە:

لەچینەکانی سەرەوەیدا پاشماوەی بەری گەنم، جۆ، نیسك، نۆك، بەری درەختی بەڕوو، فستق، دۆزراونەتەوە، هەروەها ئێسکی مانگای کێوی، ئاسك، پڵنگ، ورچ، بزنەکێوی‌و مەڕو بزنی تیادا دۆزراوەتەوە، قەدی ڕووەکەکانیشیان وەکو ئالیك بۆ ئاژەڵەکانیان بەکارهێناوە.

- لەڕووی پیشەسازییەوە:

ئەو کەرەستانەی لەچەشنی کەوچكو دەرزی لەئێسك دروستکراوو ملوانکەو مووروی لەبەردو قوڕ دروستکراو و بازنی مەڕمەڕو مستیلەو ئامێری هاڕینو ئامێری کشتوکاڵو قاپو قاچاخی ناومالْ بەڵگەی پێشکەوتویی پیشەسازی ئەم شوێنەوارەن.

- لەڕووی بازرگانییەوە:

بەهۆی ئەو کەرەستە بەردینە جیاوازانەوە، کە لەم شوێنەوارەدا دۆزراونەتەوە بەتایبەتی کۆمەڵێکی زۆر لەبەردی شوشەیی چاککراو کەتەنیا لەناوچەی گۆلاو–ی (وان)ی باکوری کوردستاندا هەیە، دەریدەخات کە چەرموو پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا هەبووە، جگە لەدۆزینەوەی کۆمەڵێك بەردەئەستیٚ ی چاککراو و دەمە چەقۆو داس.

لەئێستادا چەرموو شوێنەوارێکی بەجێماوی بیٚ خزمەتە، دەتوانرێت بکرێتە جوانترین مۆزەخانەی سەردەم کە من بۆخۆم لەساڵی ١٩٩٨ەوە داوای دەکەم.



# چەرموو
# خاکی ڕەسەنی کوردستانە،
# بناغەی داهێنانی شارستانییەت
# دەسەلمێنێت

**ئارام جەلال** *

گوندی چەرموو لەڕووی شوێنەوارییەوە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ بە دووری (١١) کیلۆمەتر، ڕووبەرەکەی (١٢٠٠٠-١٦٠٠٠) مەتر دووجا دەبێت، ئەم گوندە بەکۆنترین گوندی کشتوکاڵی دادەنرێت لەناوچەکەو جیهاندا، پاشماوەی ئەم گوندە لەلایەن تیمێکی شوێنەواری زانکۆی شیکاگۆ بەسەرۆکایەتی (برەیدوود) کنەو پشکنینی تیادا ئەنجامدراوە، لەماوەی ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٥) ز. لەئەنجامی کنەو هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکەدا (برەیدوود) توانی(١٦) چینی شوێنەواری بدۆزێتەوە، کە بەقولاّیی نزیکەی (٢٣) پێ بوو، یانزە چینی یەکەم (لەخوارەوە بۆ سەرەوە) پاشماوەی گڵێنەی تێدا نەدۆزرایەوە، بۆیە ئەم یانزە چینە بۆ قۆناغی پێش داهێنانی گڵێنە لەسەردەمی بەردینی نوێیە(pre pottery Neolithic) ، پێنج چینە شوێنەوارییەکەی تر گڵێنەی تێدا دۆزراوەتەوە، بەم جۆرەش مێژووی ئەم پێنج چینە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ و قۆناغی دروستکردنی گڵێنە دەگەڕێتەوە ( pottery Neolithic)، ئەم شانزە چینە شوێنەوارییەی چەرموو نزیکەی (٤٠٠) ساڵ ژیانی تێدا بەردەوام بووەو بەپێی بیروڕای (برەیدوود) (واتە ئاوەدانی تیا بووە)، بەڵام

*مامۆستای شوێنەوار لەزانکۆی صلاح الدين

مێـژووی ئـەم گونـدە بـەپێی(کاربۆن ١٤) دەگەڕێتـەوە بـۆ (٦٧٥٠ پ.ز) وە ژمـارەی خانووەکانی ئەم گوندە نزیکەی (٢٥-٣٥) خانوو بووەو ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە نزیکـەی(١٥٠) کـەس بـووە. لەئـەنجامی لێکۆڵینـەوە شـوێنەوارییەکەی (برەیـدوود) لەگونـدی چـەرمووودا چـەندین پاشمـاوەی شـوێنەواری گـرنگ دۆزراونەتـەوە، کـە ڕۆشنایی زیاتری خستە سەر شارستانییەتی سەردەمی بەردینی نوێ لەکوردستان بەتایبـەتی و ڕۆژهـەڵات بەگشتی، هۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی کـە گونـدی چـەرموو بەیەکـەمین نموونـەی گونـدێکی کشـتوکاڵی دادەنرێـت کەتیایـدا بنـەمای سـەقامگیری ژیـانی سـەرەتایی و پێکهـاتنی کۆمەڵگایـەکی سـەرەتایی لـەخۆدەگرێت کـەخاوەنی ئایـدیاو بیروبـاوەڕی تایبـەتی بـوون. ئـەم زانیارییانـەش لەئـەنجامی دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەواریی لەگوندی چەرموو بۆمان دەرکەوتووە.

**گرنگترین دیاردە شارستانییەکانی چەرموو ئەمانەن:**

- دۆزینـەوەی کشـتوکاڵ، هەرچـەندە کشـتوکاڵ لەقۆناغـەکانی پـێش چـەرموو ناسراوبووە وەك لە گوندی نەمریکی نزیك فایدەی بەستەکەی دهۆك، بـەڵام ئـەوەی کـە چـەرموو جیادەکاتـەوە بریتییـە لەئەنجامـدانی کشـتوکاڵ و پەیوەسـتبوون بەزەوییـە کشتوکاڵییەکەوە، هەرئەمەش وایکردووە ئەم گوندە بۆماوەی نزیکەی چوار سەد ساڵ ژیـانی تیـادا بـەردەوام بێـت. بۆیـە ئەگـەر بڵـێین کشـتوکاڵ شۆڕشـێکی گـەورەی بـەرپاکردووە لـەژیانی مرۆڤایـەتی بـەوەی کـە مرۆڤـی لـەقۆناغی کۆکردنـەوەی خـۆراك ئاڕاستە کردووە بۆ دروستکردن یان بەرهەمهێنانی خۆراك، ئـەوا بنـەمای ئـەم گۆڕانـەو ئەنجامـەکانی ئـەم شۆڕشـی کشـتوکاڵییە لەچـەرمووودا ڕەنـگ دەداتـەوە، بۆیـە چـەرموو ناسـنامەیەکی جیهانییـە بەگشـتی و کوردسـتانییە بەتایبـەتی بـۆ بەسـەرەتای بەشارستانییەت بوون.

- دۆزینـەوەی چـەند بوکەڵەیـەکی بچـوك کەلەسـەر شـێوەی ئـافرەت دۆزرایـەوە، ئـەم بوکەڵانەش بەخوداوەندی دایك ناسراون، ئەمەش لایەنێکی دینی دانیشتوانی گونـدی چەرموو دەردەخات.
- دۆزینەوەی هەندێك کەرەستەی سەرەتایی وەك دەستاڕ، کە لەبەرد دروستکراون.
- دۆزینەوەی دەرزی شوژن و چەقۆ، کە لەئێسك یان بەرد دروست کراون.
- دۆزینەوەی کەل‌وپەلی جوانکاری، کەزیاتر لەلایەن ئافرەتەکانەوە بەکارهاتووە.
- دۆزینـــەوەی چـــەندین خـــانوو لـــەپاڵ یـــەکتری، کەئاماژەیـــە بـــۆ بـــوونی ژیـــان‌و سەرهەڵدانی کۆمەڵگە.
- گرنگـی ئـەم گونـدە لـەوەدا دەردەکـەوێت قۆنـاغی پـێش داهێنـانی گڵێنـەو قۆنـاغی داهێنانی گڵێنە لەخۆ دەگرێت.

## چەرموو لەڕووی شوێنەوارییەوە

شـوێنەوار بریتیـە لەناسـنامەی نەتـەوەکان، هـەر نەتەوەیـەك لەنەتـەوەکانی جیهـان شـانازی دەکـات بەشـوێنەوارەکانی خـۆی‌و گرنگـی پێـدەدات‌و ڕەسـەنایەتی نەتـەوەیی خـۆی پـێ دەسـەلمێنێت، هـەر بۆیـە شـوێنەوارەکانی کوردسـتان بەگشـتی و گونـدی چـەرموو بەتایبـەتی ڕەسـەنایەتی‌و پێشـەنگی باوبـاپیران دەسـەلمێنن لـەداهێنانی سـەرۆکایەتی کردنـی شۆڕشـی کشـتوکاڵی، کەتێیـدا فێربـوونی کشـتوکاڵ گـۆڕانی بنـەڕەتی لـەبیرو هزریانـدا دروسـتکرد. بۆیـە چەرموو سـەرەڕای ئـەوەی هـەموو جیهـان بـەگرنگی دەزانێـت‌و شـانازی پێوەدەکـات بـەلام تاڕادەیـەکی زۆر ڕۆڵـەکانی خۆمـان شـتێکی کـەم دەزانـن دەربـارەی گرنگـی ئـەم گونـدە شـوێنەوارییە، هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ گرنگـی نـەدانی لایـەنی پەیوەندیـدار بـەم شـوێنەوارە کەلەسـالانی (١٩٤٨-١٩٥٥) هـەڵکۆڵینی تیـادا کـراوە، بـەلام بەپێویسـت دەزانرێـت لـەداهاتوودا بەهاوکاری تیمی ئەورووپی، دەبێت بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجام

بداتەوە بۆ دەرخستنی زانیاری نویٚ چونکە ئەم گوندە هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێدا تەواو نەبووە.

**بوونی شوێنەوار لەهەر ناوچەیەك گرنگی خۆی هەیە لەچەند ڕوویەکەوە:**

– لەڕووی ناسنامەی نەتەوایەتی و مێژووییەوە، پاشان لایەنی ئابوری وڵات، ئەویش ئەگەر بێت و وەك شوێنێکی گەشتیاری سەیر بکرێت، چونکە زۆرێك لەناوچە شوێنەواریەکانی جیهان وەك لایەنێکی گەشتیاری سوودی ئابوری گرنگی بۆ ئابوری وڵات هەیە.

– گوندی چەرموو بەیەکێك لەگرنگترین شوێنەوارەکانی سەردەمی بەردینی نویٚ لەڕۆژهەڵاتدا دادەنرێت، ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەری کارێکی پێویست و نەتەوەییە، چونکە ئەم گوندە لەسەر خاکی کوردستانەو هەرچۆنێك بێت کوردستان بەبنکەی شۆڕشی کشتوکاڵی هەر وەك واش ناسراوە، بەڵام ئەنجامدانی توێژینەوە لە گوندی چەرموو پێویستە لەلایەن تیمێکی هاوبەشی بیانی و خۆماڵییەوە بێت بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم کنەو پشکنین لەو بەشانە بکرێت کە(برەیدوود) لەکاتی خۆی کاری تێدا نەکردووە، ئەمەش بۆئەوەی زانیاری زیاتر بخرێتەڕوو دەربارەی ئەم گوندەو مێژووەکەی، بەڵام بێگومان ئەنجامدانی کاری لەم جۆرە پێویستی بە پاڵپشتی حکومەت بۆ بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار هەیە، لەسەر بەرێوەبەرایەتی شوێنەواریش پێویستە کەسانی پسپۆڕو شارەزا دیاری بکات بۆئەم کارە، بەهاوکاری تیمی شارەزایانی بیانی ئەگەر بکرێت زانکۆی شیکاگۆ بێت چونکە ئەوان کاتی خۆی کاریان لەناوچەکە کردووەو بەڵگەنامەکانیان لایە دەربارەی ئەم ناوچەیە بەگشتی.

– بێگومان چەرموو شوێنەوارێکی زۆر گرنگی کوردستانە، دەتوانین بڵێین هەموو مرۆڤی جیهان قەرزاری دانیشتوانی گوندی چەمووی کوردستانە، چونکە ئەوان

بــەوردی بناغــەی شــێوازی بەشارســتانیبونیان دانــاوە، بۆیــە ئــەم گونــدە وەك شــوێنەوارێکی دێرینــی کوردســتان گرنگــی خــۆی هەیــە ئەگــەر بێــتو شــوێنەکە پاکبکرێتـەوەو ڕێوشـوێنی پێویسـتی بۆ دابین بکرێت ئەوا بەهـەزاران لەگەشـتیارانی جیهان سەردانی دەکەن، لەبەرئەوەی لێرەوە کشتوکاڵکردن داهێنراوە، بووە بە بناغەی شارستانێتی ژیـانی ئـەمڕۆ. بۆیـە لێـرەوە داوادەکـەم لایـەنی پەیوەندیـدارو حکومـەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە لەپاراستنو گرنگیدان بەم گونـدە، چونکە چـەرموو ناسـنامەی شارسـتانییەتو خـاکی ڕەسـەنی کوردسـتانو بناغـەی داهێنـانی شارسـتانیەت دەسـەلمێنێت، بۆیــە دوبـارە ئەنجامدانــەوەی کنەوپشـکنین لەگونـدی چەرموو ئەرکی لایەنی پەیوەندیدارە زەمینەسازی بکات بۆ پسپۆڕانی بیانی.

## پێشکەوتنی گوندی چەرموو

مــرۆڤ نزیکــەی لــە ٩٨٪ی ژیــانی لەســەر زەوی بــەرێکردوە بــەر لەدۆزینــەوەی کشــتوکاڵ، واتــە مــرۆڤ تــەنها خــۆراکی کۆکردوەتــەوەو نــەیزانیووە بەڕێگــەی کشتوکاڵکردن بەرهـەم بۆخـۆی دروسـتبکات، بۆیـە فێربـوونی کشـتوکاڵ لەلایـەن مـرۆڤ لەچاخی بەردینی نوێ بە شۆڕشێکی گەورە دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە فێربــوونی کشــتوکاڵ لەلایــەن مرۆڤــەوە گۆڕانکــاری دروســتکرد، لــەگرنگترین ئــەو گۆڕانکارییانــەش بــریتین لــە پەیوەســتبوونی مــرۆڤ بــە زەوییــەوە، بەپێچــەوانەی چاخەکانی پێشـوو، کـە مـرۆڤ شـان بەشـانی ئـاژەڵ گـەڕۆك بـووە، لایـەنێکی تـری ئـەم گۆڕانکارییە بریتی بووە لەدروستبوونی کۆمەڵگەو لادێو پاشان فراوانبوونی بۆشـار، هەروەها سـەرهەڵدانی بیری ئاینیی تا دەگاتـە سـەرهەڵدانی بیری سیاسـیو دەوڵـەت. ئەم گۆڕانکارییانەش شتێکی لەناکاو نەبوو، بەڵکو هـەزاران ساڵی خایانـدووە، ئـەوەی لێــرەدا مەبەســتە ئەوەیــە قۆنــاغی ســەرەتایی ئــەم زنجــیرە گۆڕانکارییانــە بــەهۆی ســەرهەڵدانی کشــتوکاڵەوە بــووە، باشــترین بەڵگــەی شــوێنەوارییش بــوونی گونــدە

کشـتوکاڵییەکانە کـە بەرچـاوترینیان گونـدی چـەرمووە، گرنگـی ئـەم گونـدە لـەوەوە دەردەکەوێت کە قۆناغەکانی گەشەکردن و گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا تیایدا دەرکـەوتووە لەئـەنجامی کنـەو پشـکنینەکان و ئـەو پاشمـاوە شـوێنەوارییانەی کـە دۆزراونەتەوە. دانیشتوانی چەرموو زیاتر گرنگیان داوە بەلایەنی بەپیت و زۆربوونی بەروبومەکانیان هەربۆیە چەندین پەیکەری بچوك دۆزراونەتەوە کە سەلمێنەری ئەو راستییەن بۆنموونە پەیکەرێك دۆزراوەتەوە لەسەر شێوەی ئافرەت کە زیادەرۆیی کراوە لە قەبارەی ئەندامەکانی مێیینەی وەك هێمایەك بۆ پیت و زۆربوون، ئەم پەیکەرەش پێی دەوترێت خواوەندی دایك.

چـەرموو دەکەوێتـە سـنوری چەمچـەماڵ و بـەکۆنترین نشـینگەی ڕێکـوپێکی کشتوکاڵیی دادەنرێت لەڕۆژهەلاتی میزۆپۆتامیا کەتیایدا ژمارەیەك خانوو و کەلوپەلی کشـتوکاڵی دۆزراونەتـەوە کـە هەنـدێکیان لەئێسـك و هەندێکیشـیان لـە گڵێنـە دروستکراون وەك (داس، دەرزی، چەقۆ).

## بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی:

## "لەلایەن تیمێکی پسپۆڕی بیانییەوە بەشیوەیەکی زانستی کار لە شوێنەواری چەرموودا دەکرێت"

"کـەمال ڕەشـید" بەڕێوەبـەری شـوێنەواری سـلێمانی ئامـاژە بـەوەدەکات کـە شوێنەواری چەرموو ناسنامەی کوردەو بۆیەکەمجاریش لەلایەن زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکییەوە بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر برەیدوود لەسالآنی ١٩٤٨-١٩٥٥ کاری کنەو پشکنین لـە شـوێنەوارەکەدا کـراوەو تیایـدا شـانزە چینی شـوێنەواری دۆزراوەتـەوە، کنەوپشکنینەکان ئەوەیان سەلماندووە ئەو ناوچەیە بەردەوامو لەسەردەمی بەردینی نویو قۆناغی پێش گلێنەوە تاکو سەردەمی عوسمانییەکان ژیانی تێدابووە.

بەڕێوەبـەری شـوێنەواری سـلێمانی وتیشـی: "لـە چـینی یەکـەمو دووەمـی خـوارەوەی چـەرموودا دەرکـەوتووە مـرۆڤ دوای ئـەوەی ئەشـکەوتی جێهێشـتووە لـەو شـوێنە نیشـتەجێبووەو قونـاغی ڕاووشـکاری بـۆ قۆنـاغی بەرهـەمهێنانی بەرهـەمو نیشـتەجێبوون بەجێهێشـتووەو بۆیەکـەمجار توانیـویێتی ئـاژەڵی کێـوی مـاڵی بکـاتو قۆنـاغی خۆمـاڵیکردنی ئـاژەڵ دەسـت پێبکـات. نـاوبراو ڕوونیشـیکردەوە لـەڕووی کشتوکاڵکردنیشەوە مرۆڤی ئەو ناوچەیە بۆیەکەمجار خۆراکی بۆ خۆی دابینکردووە ئەویش لە ڕێگەی کشتوکاڵکردنەوە بەتایبەتی بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و نیسك و نۆكو فستقو گوێز.

ئەو شارەزایەی بواری شوێنەوار وتیشی: "لەڕووی بیناسازییەوە مرۆڤی چەرموو لەقۆناغی ژیانی ئەشکەوتەوە بۆ قۆناغێك کە خانووی دروستکردووەو فێربووە چۆن خۆیان لە سروشت بپارێزن و گواستووەتەوەو خانوویان بۆخۆیان و ئاژەڵەکانیان دروستکردووە بەشێوەیەك بەشێکی خانووەکانیان بۆ نیشتەجێبوونی خۆیان و بەشێکی تریشی بۆ بەخێوکردن و پاراستنی ئاژەڵەکانیان بەکارهێناوەو بۆیەکەمجار بەئەقڵی خۆیان قۆناغێك لەقۆناغێکی تر بەجێهێشتووە کە لەوەی پێشتر پێشکەوتووتر بووە".

لەبارەی گرنگیدان بە شوێنەوارەکانی کوردستان بەتایبەتی شوێنەواری دێرینی چەرموو، کەمال ڕەشید ڕوونیکردەوەو وتی: "لەئێستادا[١] گرێبەستێکیان لەگەڵ زانکۆی (UCL)ی بەریتانی ئەنجامداوەو لەلایەن تیمێکی پسپۆری ئەو زانکۆیەوە دووبارە بەشێوەیەکی زانستییانە کنەو پشکنین و کار لە شوێنەواری چەرموودا دەکرێت و سێمپڵ و وەردەگیرێت تاکو ڕەوانەی تاقیگەی ئەورووپی بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنی ئەو پاشماوانەی لەو شوێنە دۆزراونەتەوە، پێشتر بە پێی چینەکان کار لەسەر ئەو شوێنەوارە کراوەو زانیاری لەبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەپێی بەڵگەی تاقیگەیی و زانستی کارەکان ئەنجام دەدرێن و زانیاری لەسەر کۆدەکرێتەوە".

ناوبراو جەختی لەوەشکردەوە دوابەدوای کنەوپشکنینەکان گۆڕانکاری ئەوتۆ لەمێژوو و زانیارییەکان ڕوودەدەن بەتایبەتی لەقۆناغی پێش گڵێنەدا. وتیشی: "لە مانگی ئایار و حوزەیرانی ئەمساڵ (٢٠١٣) ئەو تیمە بەریتانییە دەست بە کارکردن دەکەن". وتیشی: "ئەو تیمە کار لەچەندین شوێنەواری تردا دەکەن تاکو

---

(١) مەبەست لە ساڵی٢٠١٣ یە.

بەشێوەیەکی زانستییانە مێژووی ڕاستەقینەی شوێنەوارەکان ئاشکرابکەن".

ئامـــاژەی بەوەشـــکرد لەگـــەڵ قایمقـــامی[1] چەمچـــەماڵدا گفتوگۆیـــان کـــردووە بەخۆشـحاڵییەوە بودجەیـەك دابینکـراوە بـۆ ڕێگـای شـوێنەواری چـەرموو لەگـەڵ دابینکردنی بڕی (سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی) بۆ کردنەوەی شوێنێك لەشێوەی میوانخانەو مۆزەخانە یان بنکەیەك لە شوێنەواری چەرموو و پاراستنی ئەو کەل‌و پەل‌و پاشماوانەی لەو شوێنەوارە دۆزراونەتەوە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی تیشکی خستە سەر ئەوەی تاکو ئێستا بەهۆی بارودۆخی عێراق‌و ناجێگیری سیاسییەوە نەتوانراوە شارەزایانی بیانی سەردانی عێراق بکەن، بەلاّم لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق‌و سەقامگیری هەرێمی کوردستان لەئێستادا شارەزایانی بیانی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی ئەو تیمەی کار لەچەرمووودا دەکەن‌و وابڕیارە بۆماوەی وەرزێك کاری خۆیان بکەن.

کەمال ڕەشید وتیشی: "بودجەی کارکردن‌و کرێی کرێکارو گواستنەوەو خەرجی تـەواوی کارەکانی هەر هەژدە تیمە بیانییەکە کە لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن لەئەستۆی ئەو زانکۆیانەیە کە گرێبەستیان لەگەڵدا کراوەو خۆبەخشانە کنەو پشکنین‌و کاری تاقیگەیی ئەنجام دەدەن".

لەبارەی گرنگیدان‌و پاراستنی شـوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شـوێنەواری چـەرموو ئـەو بەڕێوەبـەری شـوێنەوارە ئامـاژەی بـەوەکرد لەئاینـدەدا هەوڵدەدەن وەکو هەندێ شوێنەواری تری جیهان شوێنەوارەکانی کوردستانیش

---

[1] ئەوکات "تارق ڕەشید" قایمقامی چەمچەماڵ بووە.

بپارێزن و بەڕاوێژ لەگەڵ تیمە شارەزاکان (سەقف) دروست بکرێت‌و بپارێزرێن لە کاریگەرییەکانی کەشوهەواو سروشت، بەوەش خەڵکی‌و گەشتیاران هاندەدرێن تاکو

سەردانی ئەو شوێنەوارە بکەن.

لەبارەی ئەوەی لەلایەن هەندێك لەهاولاتیانەوە بەشێك لە پارچە شوێنەواریو پاشماوەی شوێنەواری هەڵگیراونو لەماڵاندا پارێزراون، ناوبراو ڕوونیکردەوەو وتی: "بەپێی یاسا نابێت هیچ پارچەیەکی شوێنەواری لای هاولاتیان بێتو پێویستە پارچەی شوێنەواریی لەمۆزەخانەدا بپارێزرێت، بەڵام ئەگەر ئەو هاولاتییە بە پارەی خۆی پارچە شوێنەواری کڕیبێتەوە ئەوا لەبەرامبەر وەرگرتنەوەی پارچە شوێنەوارییەکە لەلایەن مۆزەخانەوە ئەو هاولاتیانە پاداشت دەکرێن".

دەربارەی گلەییو ڕەخنەی هەندێ لەهاولاتیان سەبارەت بە گرنگی نەدان بە شوێنەوارەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی شوێنەوارەوە، بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی وتیشی: " تەواوی ئەو بۆچونانە ناڕاستن لەبەرئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی کاری زۆر باشو گرنگی ئەنجامداوەو نموونەشمان کارکردنی ئەو هەژدە تیمە بیانییەیە کە لەهەرێمی کوردستاندا کاردەکەن کە دوو لەگرێبەستەکان لە سنوری قەزای چەمچەماڵدان، یەکەمیان کارکردنە لە شوێنەواری چەرموو کە لەلایەن تیمێکی شارەزای زانکۆی UCL و دووەمیشیان لەلایەن تیمێکی پسپۆڕی زانکۆی ڕۆما ئەنجام دەدرێت کە سەرلەنوێ شوێنەوارەکانی سنوری چەمچەماڵ ڕووپێو دەکاتەوەو بەشێوەیەکی زانستی کاری کنەو پشکنین دەکات، جگە لەوەی کارکردن لە قەڵای چەمچەماڵدا لەلایەن تیمێکی پسپۆڕی پەیمانگای بەرلینەوە ئەنجام دەدرێت.



# چەرموو
# وەك بناغەی ئابوری

**هاوڕێ لەتیف***

هـەرێمی کوردسـتان بـەوە ناسـراوە وڵاتێکـی دەوڵەمەنـدە بەدەرامـەتی سروشـتی، سـەرەڕای دەوڵەمەندییەکـەی کـەش و هـەواو خـاکێکی بەپیتیشـی هەیـە بـۆ کشـتوکاڵکردن، هـەروەها زەوی بـەرفراوان و بـارودۆخی ناوچـەکە گونجـاوە بـۆ پیشەسازی و ئەنجامدانی کاری بازرگانی، هەموو ئەم فاکتەرانە بەدرێـژایی مێـژوو هۆکـار بوونـە بـۆ ئـەوەی ببێتـە خـاوەن ناوچـەیەکی دێرینـی مێـژووی سـەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. بۆیە لەدێرزەمانەوە کوردستان خاوەن چەندین ناوچەی گرنگی کشـتوکاڵیە گـرنگترین و کۆنترینیـان گونـدی چـەرمووە کـە بـەپێی سەرچـاوەکان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زاین.

سەرچاوەکانی مێـژوو ئـەوە دەردەخـەن بـۆ یەکـەمجار لەگونـدی چـەرموودا مـرۆڤ فێری کشتوکـاڵکـردن بووە، بۆیـە سەرەتاکانی کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی خۆراك و بونیادنـانی مرۆیـی هـەر لـەو ناوچـەیەوە بووە، چونکە پێش ئـەوەی مـرۆڤ نیشـتەجێ ببێت کۆچەرەو بووە، بەو مانایەیەی بەردەوام لەگەڕاندا بووە بەدوای خۆراکدا لەپێناو

---

* مامۆستای زانکۆو خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی ئابوری

مانــەوەی لــەژیان بەڕێگــەی ڕاو و شــکار، واتــە لەســەرەتادا مــرۆڤ ســودی لــەئاژەڵ وەرگرتــووە گۆشــتەکەی بــۆ خــواردن‌و پێســتەو خورییەکــەی بــۆ خــۆ گــەرم کردنــەوەو پۆشینی جل‌و بەرگ بەکارهێناوە. بۆیە دۆزینـەوەی کشتوکاڵ لـە چەرموو هۆکارێکی بنـەڕەتی بـوو بـۆ ئـەوەی گۆڕانکاریـەکی ڕیشـەیی لـەژیانی مرۆڤایـەتی دروسـت ببێـت، بەشێوەیەك مرۆڤی لـەژیانی کۆچڕەویەوە گـۆڕی بـۆ مرۆڤی نیشتەجێ، لەبەر ئەوەی پرۆسـەی کشـتوکاڵکردن پێویسـتی بەچـاودێری بـەردەوام‌و مانـەوە هەیـە، بـۆ ئـەوەی بەرهەمەکـە لـە مێـروو و وشـکبوون‌و ئـاژەڵ بپارێزرێـت، لێـرە بـەدواوە پرۆسـەی کشـــتوکاڵکردن وەرچـــەرخانێکی گـــەورەو قـــوڵی مێـــژوویی بـــەرپاکرد، بـــەجۆرێك مرۆڤایـەتیی لەقوناغێکـەوە گواسـتەوە بـۆ قۆنـاغێکی تـر، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی چالاکی ئابوری وردە وردە دەربکـەوێت‌و مـرۆڤ زیـاتر گرنگـی بـدات بەلایـەنی بـژێوی‌و گوزەران.

پێداویسـتی مـرۆڤ بـۆ خـۆراك‌و مانـەوە، زیـاتر پاڵنـەر بـوو بۆئـەوەی مـرۆڤ بـیر لەڕێگەی بەرهەمی زیاتر (زیادەی بەرهەم) بکاتەوە، هەر بۆیە هاوشانی کشتوکاڵکردن لەقۆناغێکی دواتـرداو بـەجۆرێکی تـر سـوودی لـەئاژەڵ وەرگرتـووە، واتـە ئـاژەڵی مـاڵی کـردووە، وەك (مـەڕ، بـزن، سـەگ، بەراز..هتـد)، لەلایـەك بـۆ پارێزگـاریکردن لـەخۆو لەلایەکی تر بۆ بەرهەمەکانی.

سەرچاوەکان، مێژووی پەیـداکردنی خـۆراك‌و بەدەسـتهێنانی لەگونـدی چەرموو بـۆ قۆناغێکی دوور و درێژی مێژوویی دەگەڕێننەوە بێ ئەوەی ئاماژە بەچەندێتی‌و بڕی بەرهەم کرابێت، بـەڵام ئـەوەی دەرکـەوتووە چـاخی بـەردینی نـوێ، چـاخی دەرکـەوتن‌و گەشـــەکردنی خـــۆراك‌و بژێویـــە، لـــەو دانەوێڵانـــەی کەهەبوونـــە وەك (گـــەنم، جـــۆ، نیسك..هتد) بەرهەمهاتووە، بەڵام هێشتا دابەشـکردنی کـار سـەری هەڵنـەدا بـوو، مـرۆڤ هەر لەقۆناغێکی سەرەتایی بەرهەمهێناندا بووە، سەرەڕای ئەوەی گونجاندنێك لەنێوان

مرۆڤو ژینگەدا دروستبووە. ئاماژەی دەرکەوتنی موڵکایەتی کێڵگەو موڵکداری ئاژەڵ، لەدوای ئەو مێژووە بووە فاکتەرێکی پێویست. (مستەر برەیدوود) لەگەڵ تیمێکی پسپۆڕی شوێنەواری ئەمریکی لەزانکۆی شیکاگۆ بۆماوەی هەشت ساڵ کنەو پشکنینی لەو گوندەدا کردو ئاماژە بەدەرکەوتنی شۆڕشی خۆراکی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات، بەجۆرێك دەرکەوتەکان و پەلهاویشتنی کەلتور سەرهەڵدانی شۆڕشی کشتوکاڵی فاکتەر بووە بۆ لێك نزیکبوونەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی، کەواتە هەنگاوەکان بۆ سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لەژیانی مرۆڤایەتیدا هاوشانی ژینگەکە بەردەوام بووە، ململانێ بۆ پەیداکردنی خۆراك گرتینی زیاتری داوە بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاتر وابەستەی خاك بکات، لێرەشەوە پاڵنەرەکان زیاد بووە بۆ زیاتر پەیوەستی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی هەرەوەزی کۆمەڵایەتی، بەلاَم بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، واتە کۆمەڵ بەستنی دانیشتوان بۆ پەیدا کردنی سەرچاوەی بژێوی.

برەیدوود لەپشکنینەکەیدا ئاماژە بە ئاوەدانی و ژیان لەچەرموو دەکات، دەریدەخات لەو گوندەدا نزیکەی (٢٥–٣٥) خانوی تێدا بووەو ژمارەی دانیشتوانیشی گەیشتۆتە (١٥٠) کەس، هەر دەربارەی گوندی چەرموو زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکی کتێبێکی زیاتر لە دوو هەزار پەڕەیی چاپکردووە بۆ بەرهەمو پشکنینەکانی "ڕۆبەرت برەیدوود"، کەزیاتر لە (١٥٠) هێڵکاری و وێنەو ئەرشیفی چەرمووی تێدا تۆمارکراوە، سەرەڕای شیکردنەوە بۆ ژیان و گوزەران و پەرستش و لایەنی کۆمەڵایەتی خەڵکی چەرموو لەو سەردەمەدا.

هەر بۆیە گوندی چەرموو سەرەڕای ئەوەی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ مێژوو و گۆڕانی ئاڕاستەی ژیانی مرۆڤایەتی و وەرچەرخانی مرۆڤ لەنەزانی و دواکەوتویی، هاوکات تێپەڕاندنی سەردەمو قۆناغێکە، کە ئەزموون و ڕوناکی داهێنان و گەشەسەندنیشە بۆ بناغەی ئابوری بەگشتی. بۆیە گرنگیدان و زەمینەسازی بۆ

توێژینەوەی زیاترو لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژی لەو گوندە چەندین فاکتەری شاراوەی تری مرۆڤایەتی دەردەخات.


ئەرکی لایەنی پەیوەندیداری خۆماڵیە هەرچی زووە بەجدی ئاوڕ لەو ناوچە شوێنەوارییە گرنگانە بداتەوەو بایەخێکی جدیان پێبدات، بۆ ئەوەی تیمی پسپۆڕی بیانیو ناوخۆیی توێژینەوەی زیاتر بکەن، حکومەتیش ئەو ناوچانە بپارێزێت، وەك شوێنەوارێکی مێژوویی بیانهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی گەشتیاریو سەرچاوەیەکی تری داهات، کە بێگومان لەڕووی ئابوری قازانجی زۆر بەدەست دەکەوێتو داهاتێکی باشتری لێوە پەیدا دەبێت.

# بەشی وێنەکان


**ئەم وێنانە بۆیەکەمینجارە**

**لە سەرچاوەیەکی کوردییدا بڵاودەکرێنەوە**





**سەرەتای کارکردن لە شوێنەوارەکە، وێنەکە بە ئاڕاستەی خۆرئاوا گیراوە**




دەرکەوتنی تەنور و گوڵبێنی تەنور


پێوانی بەرزی یەکێك لەدیواری شوێنەوارەکە




پێوانی بەرزی یەکێك لەدیواری شوێنەوارەکە




**شێوە ژووری بچوکی دەمکراوە، مانەوەی دیواری پشتەوە**




**کارکردن لەشوێنەوارەکە، وێنەکە بەئاڕاستەی باکور گیراوە**



کرێکارەکان لەکاتی هەڵکۆڵین




**گوڵبێنی تەنور یان ئاگردان**




**دێمەنێکی شوێنەوارەکە لەبەرزییەوە**




**دیمەنێك لە بەرزییەوە بە ئاڕاستەی باشور**




**وێنە و هێڵکاری پەیکەری دایك**





**ددان و بەشێك لە شویلگەی مرۆڤ**





ددان و ئێسکی شەویلگەی مرۆڤ





شەویلگەی مرۆڤ




ددانی مرۆڤ




ددانی مرۆڤ



**ددانی مرۆڤ**

## بەشێك لە ئیسكی دەموچاوی مرۆڤ





بەشێك لە ئیسكی دەموچاوی مرۆڤ

بوکەڵەیەکی لە بەرد داتاشراو
لە مۆزەخانەی "کەریم ئاغای هەمەوەند" پارێزراوە




بوکەڵەیەکی لە بەرد داتاشراو
لە مۆزەخانەی "کەریم ئاغای هەمەوەند" پارێزراوە

چەند کەل و پەلێکی لە بەرد داتاشراو





چەند کەل و پەلێکی لە بەرد داتاشراو

## کەل وپەلی دروستکراو لە قوڕی سورەوەکراو





کەل وپەلی دروستکراو لە قوڕی سورەوەکراو





چەند بەردێکی داتاشراو کە بۆ بڕین بەکارهاتوون

دەفر و کەل و پەلی لە بەرد داتاشراو




دەفر و کەل و پەلی لە بەرد داتاشراو




**کەل و پەلی داتاشراو لەبەرد**


**کەل و پەلی داتاشراو لە بەرد. کە بۆ ڕازاندنەوە بەکار هاتوون**





**کەل و پەلی داتاشراو لە بەرد. کە بۆ ڕازاندنەوە بەکار هاتوون**




دەرزی و ئامێری کونکردن کە لە ئێسك دروستکراون





**بوکەڵەی لە بەرد و قوڕ دروستکراو**





بوکەڵەی لە بەرد و قوڕ دروستکراو


## بوكەڵەی لەبەردو قوڕ دروستكراو





بوكەڵەی لەبەردو قوڕ دروستكراو

بوکەڵەی لە بەرد  و قوڕ دروستکراو








بوكەڵە و هێڵكاری پەیكەری دایك





**بوکەڵەی ئاژەڵ کە لە بەرد دروستکراون**




**هێڵکاری و کەل و پەلی پێداویستی ڕۆژانە**




**بوکەڵە و هێڵکاری پەیکەری دایک**




ئێسکی کەلەسەری بزن و ئاسك





ئێسکی کەلەسەر و شاخی مەڕ و بزن





**چەند پارچە گۆزە و دەفری لە قوڕ دروستکراو**




**پارچەی کەل و پەلی لە قوڕ دروستکراو**





دەسکە دۆڵ یان ڕاگری دەرگا




**کەل و پەلی لە قوڕ دروستکراو**

**کەلوپەلی لە بەرد داتاشراو بۆ کاروباری رۆژانە**





**کەلوپەلی لە بەرد داتاشراو بۆ کاروباری رۆژانە**





Fig. 216. Banahilk non-Halafian pottery: probably early second millennium, *5,7,10*; probably Iron Age, *2,4,6,8-9*; early Hellenistic, *1,11*; nondiagnostic or unknown sherd, *3*. See also fig. 204. Scale 1:2.

**پارچە کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو بۆکاری ڕۆژانە**




ئێسکی کە لەسەری بزن و ئاسك

**شاخی گیانداری ماڵی وەکو بزن و ئاسک**




**شاخی گیانداری ماڵی وەکو بزن و ئاسک**






Fig. 149. Jarmo animal figurines: type C2, *1-3*; type C3, *4-8*. Scale 1:1.

## شاخی ئاژەڵ




نموونەی دەرگایەك كە بە بەردی ڕاگر جێگیرکراوە کە دانیشتوانی چەرموو بەمشێوەیە بەکاریان هێناوە




دیمەنێکی شوێنەوارەکە لەکاتی کارکردن تیایدا، وێنەکە بەئاراستەی باکوری خۆرئاوا گیراوە



کرێکارەکان لەدەوری چاڵە ئاگردانەکان کە لەنزیک یەکەوەن




دەرکەوتنی ئاگردان لە بەشێکی سەرەکی شوێنەوارەکە. وێنەکە بە ئاڕاستەی باکور گیراوە




ئاگردان و بەردی بناغەکان، وێنەکە بەئاراستەی خۆرئاوا گیراوە



دیمەنی کەسێك لەکاتی لکاندنەوەی پارچە قوڕە سورەوەکراوەکان بەیەکەوە کە لەشێوەی تەنور دروستکراون




دیمەنی بەشێك لە تەنورێك




تاقیکردنەوەی ئاگر لەسەر چینی ئاگردانەکە بۆ زانینی ئەوەی پارچە قیرەکان ئەمێننەوە یان نا. (نەماونەتەوە)



دیمەنێك لەگوندی چەرموو لەبەهاری ١٩٤٨




دیمەنی شوێنەوارەکە کە لەسەرووی گردەکەوە بەشێکی دیارە ، وێنەکە لەو چەمەی تەنیشتی گیراوە بە ئاڕاستەی باشووری خۆرهەڵات



دیمەنێکی شوێنەوارەکە کە لەلای چەپییەوە دۆڵێك دەبینرێت کە ڕوویەکی لێژی داخوراوە، وێنەکە بەئاڕاستەی باکور گیراوە



ئامێرێکی چەماوەی تیژو بڕەر کە لەبەرد دروستکراوە، لەگەڵ پاشماوەی قیرێکی بەیەکەوە نووساو لەسەر چینێکی ڕەنگ سوور



دیواری شێوه پێكهاتەی فڕن وەك (تەنور، ئاگردان)




دیمەنی بەشێکی شوێنەوارەکە



ڕوانینی خوارەوە بەرەو ئەو چەمەی لەتنیشتی شوێنەوارەکەوەیە



دیمەنێك بە ئاڕاستەی باكور




**مانەوەی چەند چینێکی ڕەنگ سوور لەسەر ڕووی شێوە ئاگردانێك لەناوەندی شوێنەوارەکە**





چینێکی ڕەنگ سوور، دەرکەوتنی دیوارەکان بە ڕوونی



دیمەنێك بەرەو باكوری خۆرئاوا




دەرکەوتنی باکوری خۆرئاوا لەبەرزییەکی کەمەوە




دیمەنێك لەبناغەی بەردیین ساڵی ١٩٥٥



چاڵە ئاگردان




چاڵە بەرد، چاڵێك كەبەردی تیا فەرشكراوە




دیوێکی تری چاڵە ئاگردانێك



پارچە بەردی تەخت کە فەرشکراوە بەشێوەی ڕێڕەو




مانەوەی دیمەنی تەنور یان ئاگردان





شێوە ئامێرێکی دەستی کە پێدەچێت لەکاری تەنور بەکار هاتبێت، لەسەر چینێکی
ڕەنگ سوور



ئێسکە پەیکەری مرۆڤێك کە لەناو شوێنەوارەکە نێژراوە





ئێسکە پەیکەری مرۆڤێک





ئێسکە پەیکەری مرۆڤێک




ئێسکە پەیکەری مرۆڤێک



دیمەنێك لەبەشی باشووری شوێنەوارەکە



دیمەنێك بەئاراستەی خۆرئاوا، لەدوورەوە بەرزاییەکانی بانی مەقان دەبینرێن



دیمەنێك لەكاتی كنەو پشكنیندا




دیمەنێک لەبەرزییەوە



دیمەنێك لەئاسمانەوە لەساڵی ١٩٥٥ كە بەئاڕاستەی باشوور گیراوە




فەرشکردنی تەختە بەرد



دیمەنێك بەئاڕاستەی خۆرهەلاّت کە سەوزایی تەواوی شوێنەوارەکەی داپۆشیووەو جێگەی هەڵکەندن لەناو شوێنەوارەکە دەبینرێت



دیمەنێك لەكاتی كاركردن لەشوێنەوارەكەدا



هەڵکۆڵینی بەشێک لە شوێنەوارەکە




تیمی کنەو پشکنین لە بن گویێ سەبانەی چەند خانوویەك لەگوندی "کانی سارد" لەنزیك چەرموو



دیمەنێك بەئاراستەی باكوری خۆرئاوا



ئەم بەردانە کەلەجۆری لایمستۆنە پێدەچێت وەکو ڕاگری دەرگا بەکارهاتبێت





هەڵکۆڵین لەشوێنێکی شوێنەوارەکەدا



دیمەنی شوێنەوارەکە کە کەوتووەتە سەر ئەو گردەی دەرکەوتووە، بەئاڕاستەی باشووری
خۆرهەلاّت وێنەکە گیراوە




کەل و پەل و کەرەستەی لەبەردو قوڕ دروستکراو




کەل و پەل و کەرەستەی لەبەردو قوڕ دروستکراو



دەفرێکی لە بەرد داتاشراو



دەفرێکی لە بەرد داتاشراو



دەفرێکی لە بەرد داتاشراو



دەفرێکی لە بەرد داتاشراو




دەفرێکی لە بەرد داتاشراو



**دەفرێکی لە بەرد داتاشراو**

بوکەڵەیەکی گیانداری لەبەرد داتاشراو






بوکەڵەیەکی گیانداری لەبەرد داتاشراو






**دەفرێکی شێوە بەلەمی لەبەرد داتاشراو لەماڵی "کەریم ئاغای هەمەوەند" پارێزراوە**




هێڵکاری پەیکەری دایک



**بەردو دەسکەدۆڵ کە بۆ هاڕین و وردکردنی دانەوێڵە بەکارهاتووە لەماڵی "کەریم ئاغای هەمەوەند" پارێزراوە**



1
2
3
4





بەردو دەسکەدۆڵ کە بۆ هاڕین و وردکردنی دانەوێڵە بەکارهاتووە



بەردی ئەم تێژ کە بۆ بڕین بەکارهێنراوە لەماڵی "کەریم ئاغای هەمەوەند" پارێزراوە



چەند پارچە بەردێکی لاتیژ کە پێدەچێت بۆ بڕینی شت بەکارهێنرابن، لەماڵی "کەریم ئاغای هەمەوەند" پارێزراون




هێڵکاری نەخشەی خانوو لە گوندی چەرموو دا




هێڵکاری نەخشەی دیوارو خانوو لە گوندی چەرموودا




پارچە ئێسکی بزن و مەڕ کە هەندێکیان تیژکراون بۆ کونکردنی پێستەو دار بەکارهێنراون





بەردی لاتیژ کە بۆ بڕین بەکارهێنراون



ئەم وێنەیە لەکاتی سەردانیکردنی "ناجی بەگ" لەساڵی ١٩٥٤دا  بۆ شوێنەواری چەرموو لەکەڵ تیمی کنەو پشکنین گیراوە.ناوەکان

لەڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: بۆب ئەی، فرێد، بۆب بی، ناجی بەگ ، بروس، صەبری.


دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: ڤیڤیان ، لیندا ، لیز.




کارکردن لە شوێنەوارەکەدا



پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی لە شوێنەوارەکەدا دۆزراونەتەوە




دۆزینەوەی دەنکی دانەوێڵەی جۆ لە شوێنەوارەکەدا






دۆزینەوەی دەنکی دانەوێڵەی گەنم لە شوێنەوارەکەدا



دۆزینەوەی دەنکی دانەوێڵەی گەنم و جۆ لە شوێنەوارەکەدا



دۆزینەوەی دەنکی دانەوێڵەی نیسك و نۆك لە شوێنەوارەکەدا




مورووو و خشڵی لەبەرد دروستکراو کە بۆ ڕازاندنەوە بەکارهێنراون




شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی خۆرئاوا



**شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی باشوری خۆرئاوا**



شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی خۆرئاوا



شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی باشوری خۆرئاوا



شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی خۆرهەڵات



**شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی خۆرهەڵات**




ئەو چەم و شیوەی کەوتووەتە تەنیشت چەرمووەوە، وێنەکە لە شوێنەوارەکەوە بەئاڕاستەی خۆرئاوا گیراوە




شوێنەواری گوندی چەرموو  لە ٢٠١٣/٣/٧ بەئاڕاستەی باشووری خۆرئاوا



شێوەو دیزاینی خانوو لەگوندی چەرموودا




ناوی ئەو کتێبە ئنگلیزییەی کە وێنەکانی لێوەرگیراوە




**ناوی ئەو کتێبەی کە وێنەکانی لێوەرگیراوە (بنکەی کتێبەکە)**